# گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە



کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

لەیلا عەلی



# گوناهەکانی ژن بوون و ستەمەکانی جەستە

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

لەیلا عەلی



نەیهێشت، بەڵام ئەوجارە هەلێکی باش بوو، من نامەوێت خۆم رووڕەشی لای خوا بکەم".

لێرەدا چیرۆکی هاوڕێکەم کۆتایی دێت .. من ئەو ئێوارە غەمگینە نەمدەزانی چی بکەم لەتاوا لەئامێزم گرت و بەهێندەی ژنێتی هەردووکمان گریاین .. حەسرەتی ئەوەی ئێمە تا ئەمڕۆ لەنێو ئاوا کەلتوورێکدا دەژین بەرەو گەڕان بەشوێن ئەو نووسینانەدا بردمی کەخۆیان لەقەرەی ئەو مەسەلەیە داوە بەجۆرێك گەیشتمە ئەو بڕوایەی کتێبێك لەو بارەیەوە بکەمە کوردی. تاخوێنەری ئێمەش لەو نەهامەتییە تێبگات کە نەریتێکی تاسەر ئێسك بەدی ئەم کۆمەڵگا داخراوانەی خۆرهەڵات ژیانمان بەرەو چ دۆزەخێك دەئاژوێ.

چ ستەمێکە ژنێك لەو تەنها ساتە بێبەش بکرێت کە رەنگە بەشێك بێت لەو چێژانەی فاکتەری بەردەوام بوونی ژیانی هاوسەرێتین. هاوڕێکەم و هەموو ئەوانەی تریش کە بەو دەردەبراون تەنها گوناهیان ژن بوونە، ئەو تاوانەی لەکۆمەڵی پیاوسالاری ئەم گۆشە تاریکانەی دنیادا مەزنەو رۆژانە دووبارە دەبێتەوە.

ئەم هەوڵەم لەپای ئەوە داوە سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ دیالۆگ دەربارەی دیاردەیەکی گەلێك ترسناك کەهەڕەشە لەئایندەی رەگەزێکی بنچینەیی و گرنگی نێو ژیان دەکات، بەو هیوایەی هەموو ئەو دەرگا کڵۆم دراوانە لێك بترازێن کە لەودیویانەوە دنیایەك نهێنی دەژی و ئاشکرا کردنیشیان ناچێتە خانەی حەرامەوە. ئەفسوس لەواقعێکدا دەژین وێنە تاڵەکانی زیاترن لەئاسوودەیی، بۆیە ناچارین زۆرترین مامەڵ لەگەڵ ئەودا بکەین.

لەیلا



# بەشی یەکەم

## خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی و ئەدەبیی





لەوکاتــەوەی منداڵبــووم خەتەنــەی کچــان بــێزاریکردووم کــاتێك دەمبینی کچانی خێزانەکەم پەلکێشدەکران بۆ چارەنووسیان وەك ئــەوەی بــبرێن بــۆ قەســابخانە، کــاتێك چوومــە کۆلێــژی پزیشــکی پرسیارەکە گەورەبوو نیشانەی پرسیارەکە قەبەتربوو، زانیم کە ئەم قەسابخانە مرۆییەی میسرییەکان بەرامبەر بەکچەکانیان دەیکــەن هیــچ پەیوەندییــەکی بەزانســتی پزیشــکییەوە نییــە، دڵنیــابووم‌و گەشــتمە ئــەو راســتییەی کــە داب‌ونــەریت‌و ئەفســانە هــەندێجار لەبــەرژەوەندیی بــەهێزترن، دەنگیــان لــەدەنگی لۆژیــك بــەرزترە، لەزانست‌و راستی باوەڕپێکراوترن.

*پرسیارم کــرد بۆچــی کچــەکانمان هــەر لەمنداڵییــەوە جوانــترین ســاتەکانی تەمــەنیان لێدەشــێوێنرێت، کــە ئــەویش تەمــەنی هەرزەکاریی (مراهقه)یە لەڕێی خوێنڕژانێکی زۆرەوە؟

چۆن رێگە بەخۆمان دەدەین ئەم هەموو سەروەرییە پیادەبکــەین بەلەت‌وپەتکردنی لەشیان‌و پەڕاندنی پارچەیەك لەگیانیان؟

بــەچ یاســایەك ئــەو مافــە بــەخۆمان ئــەدەین ببینــە پــارێزەری رەوشتێکی ساختە کە پارچەیەك پێست دروستی کردووە کە ناوی قیتکەیە (البظر)ە، ئەو رەوشتەی ئاین فێرمانی کردووەو خێزان‌و دامەزراوەکانی کۆمەڵ نرخی ئەدەنێ.

پرســیارم کــرد بۆچــی تووشــی گــرێ (عقــدە)بوویــن لەخۆشــی‌و هەســتکردن بەشادیی‌و چێــژی ســێکســی، ئــەو مافــەی سروشــت پێیبەخشــیرین‌و پارچەیــەك پێســت ددتوانێــت زیــاتری بکــات‌و (خوا)لەناخماندا خوڵقاندوویەتی.



هەموو ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تریش لەیەك چرکەدا و لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنە کە (ئەنجوومەنی نەتەوەیی بۆ دایکایەتی و منداڵی) تەبەنی کرد، لەدڵما دروستبوون. گەشتمە ئەو راستییەی کە هیچ ڕێگەیەکی تر نییە جگە لەخستنەڕووی پرسیارەکان تا کۆمەڵگە لەئاوێنەدا رووبەڕووی خۆی بێتەوەو چرچ ولۆچییەکان بەهەموو وردەکاریی و شێوەکانییەوە ببینێ، چونکە خستنەڕووی پرسیار هەندێجار لەوەڵامەکەی گرنگترە، زۆرجار ئەو تورەییەی پرسیارێکی ئازا دروستیدەکات لەبەرژەوەندیی مەسەلەکەدا دەشکێتەوە، لەبەرئەوە دەبوایە لەسەر هەموو لایەنە جیاوازو تێهەڵکێشەکانی ئەم مەسەلەیە گفتوگۆ بکرێت، بگەینە ئەو راستییەی کە خەتەنەکردنی کچان تەنیا کێشەیەکی پزیشکی یان ئایینی یان کۆمەڵایەتیی نییە، بەڵکو کێشەی هەموویانەو گفتوگۆکردن لەسەر یەکێکیان بەتەنیا شێوە فرۆفێڵێکە.

ئەوەی مایەی پێکەنینێکی گریاناوییە لەمەسەلەی خەتەنەکردنی کچاندا ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵدراوە فریودانێکی هزریی هەبێ بەو مانایەی کێشەی خەتەنەکردن بەکێشەی خەڵکە سادەکە باسدەکرێت و را نیشان دەدرێت کە رۆشنبیران ئەم کێشەیان نییە، بەڵام ئەم بۆچوونە ڕاستی نییە، دەبێت بزانین بەرزترین دەنگ لەبەرگریکردن لەخەتەنە مامۆستای نەخۆشییەکانی ژنان و لەدایکبوونە لەکۆلیژی پزیشکی زانکۆی (عین الشمس) ئەوەی سەیرە کە ئەو مامۆستایە سوورە لەسەر بەردەوامبوون



لەشکاتکردن دژی وەزیری تەندروستی پێشوو، چونکە خەتەنەی قەدەغەکردووە!

ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەفسانە زۆرجار بەسەر زانستدا سەردەکەوێت هەتا ئەگەر بەدکتۆراش پڕچەك بێت، لێرەدا کارەساتەکە دەقەومێ، کاتێك ئەقڵەکان بەهۆی فکری دەستەگەریی هەندێجار بەلای بێ سەروبەریی دەیشکێنتەوە وەك لەهێمنی و لۆژیك، لەبەرئەوە پێویستە سیناریۆی ئەو بەربەریەتە بزانین کە بەناوی ئایینەوە دەکرێ، سیناریۆی ئەو بەربەریەتییەی حەق وابوو ناوبنرێت (پەڕاندنی ئەندامی زاوزێی مێینە).

(MUTILATION FEMALE GENITAL) ئەمە ناوێکی زانستی نوێیە کە هەڵدەگرێ ئەو قەسابخانەی پێ ناوبنێن کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەقڵییەتی سەدەکانی ناوەڕاست و ڕەفتارە هەمەجییەکان، پێش هەموو شتێك هەوڵدەدەین لەنزیکەوە ئاشنایی ئەم کردەوەیە بین کە لەوانەیە زۆر لەڕۆشنبیران ئاگاداری ئاستی ئەو دڕندایەتییە نەبن، ئەویش بەگوێبیستی ئەم سیناریۆ (دراکۆلاییە)لەچەند سەرچاوەیەکەوە لەوانە ئەو زانا کۆمەڵایەتییەی دوای کێشەکە کەوتووە ئەو ژنە دکتۆرەی پێوەی ناڵاندووە، ئەو چیرۆکنووسەی گێڕایەوە، ئەو کچەی کە پارچەکانی پەڕێندراوە، هەتا لەسەر هەمان ئاستی هەستکردندابین و بتوانین سەرانی تاوانەکە بناسین و حوکمێکی ڕاست بدەین.



## *کەشوهەوای خەتەنەکردن

سەرەتا لەگەڵ د. محەمەد عەوەض خەمیس مامۆستای کۆمەڵایەتی کە باس لەئاهەنگی پاککردنەوەی کچ دەکات، بێگومان ئێمە ناوی دەنێین ئاهەنگی لادان، چونکە هەڵمەتێکی خوێناوییە نەك ئاهەنگ، گرنگیی وەسفکردنی د. خەمیس یەکەمجار لەوەوەیە کە لەچاوی ئەکادیمییانەوە تەماشای کردووە، هەروەها ئەو بەهۆی مامانەوە ئامادەی پاککردنەوە بووە نەك لەڕێی دکتۆرێکەوە، مامان هەتا ئێستا نوێنەری سامی شەرەفە لەنێوەندە میللییەکاندا کە زۆرینەن، مامۆستا عوض ئەم ئاهەنگە دڕندانە وا وەسفدەکات: ژمارەیەکی زۆر لەخزمە ژنەکان ئەوانەی شوویانکردووەو ئەوانەشی نەیانکردووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەمندالآن و براکان و باوك و ژمارەیەکی دیاریکراویش لەپیاوان کۆدەبنەوە، خۆشی و شادی باڵ بەسەر هەمواندا دەکێشێ، ژنان لەنێو خۆیاندا چرپەچرپ دەکەن و هەندێ ڕستەی زۆر بێ مانا دەڵێن، کە نیشانەی ئەوپەڕی نەزانینیانە وەك (دەبا ئاگرەکەی دامرکێتەوە) یان (بابە سوێری نەمێنێتەوە) یان (تۆزێك هێوربێتەوە) یان (ئەمە لوتی دەشکێنێ) یان (سبەینێ شوو دەکات و مێردەکەی چی لێبکات نەهیلاك دەبێت نەهەست بەهیچ دەکات)..هتد. دوای هەموو ڕستەیەك لەم ڕستانە پێکەنینێکی هیستریانە دەستپێدەکات وەك نیشانەی ڕازیبوون و شادیی پێکەنینەکان شێوەیەکن لەشێوەی جوێن، یان قەرەبووککردنەوەی هەست بەکەمبوون،



هەموو ئەوانەی دانیشتوون لەژنەکان هەمان شتیان بەسەرهاتووە کە بەسەر کچەکەدا دێت، بەڵام هەر پێدەکەنن، لێرەدا ئەمە مایەی ئاگادارییە وەك د. خەمیس دەڵێ: چونکە کاردانەوەی ژنێکە کە ئینکاریی لەنەهامەتییەکانی دەکات و لەپشت زمانێکی درێژەوە خۆی شاردۆتەوە بۆئەوەی مەسەلە بنەڕەتییەکە ون بکات.

دکتۆر بەردەوام دەبێت لەقسەکانی و دەڵێت: مامان دێتە ژووریٚ، کە ژنێکی بەتەمەنە و لەش ولارێکی بەهێزی هەیە و نینۆکەکانی درێژن، دەسڕێکی پێیە لەگەڵ شفرەیەکی تیژ کە نزیکەی دوو ئینج و نیو دەبێ و لەچەقۆی قەساب دەچێ، پێنج ژن کە تەندروستییان باشە خۆبەخشانە لەگەڵی دەچنە ژووریٚ، دەستبەجێ دەستدەکەن بەهەڵدانەوەی جلوبەرگی کچەکە تا بەشی سەرەوەی لەشی، ئینجا بەمشێوە دابەش دەبن: یەکێکیان لای شانییەوە دەردەستێ و بەهەموو هێزی خۆی دەیگرێ، دوان رانی راستی دەگرن و دوان هی چەپی، رانەکانی تا دوا پلە دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەندامی زاوزێی کچەکە بەتەواوی بەدەربکەوێت، کچەکەش لەحاڵەتی هاوارکردنێکی هستریایدایە، ئەوسا مامانەکە بەوپەڕی هێمنییەوە و جۆرئەتێکی زۆرەوە خێرا بەشفرەکەی (قیتکە)ی کچەکە و بەشێك لە ئەندامی زاوزێشی لێدەکاتەوە، پاشان خوێن بەربوونێکی زۆر تووشی کچەکە دەبێت کچەکە بێ هۆش دەبێت، لەکاتی ئەم کارەدا هەندێ لەژنان بۆ خۆڵەمێش ئامادە دەکەن و دەیخەنە قاپەوە، پاشان قاوە دەخۆنەوە و کۆپ رنجانەکان ئاشۆن یەکێك لەژنەکان لەقاپێکی



تردا پاشماوەی قاوەکان کۆدەکاتەوە لەکاتی ئەو کردەوەیەدا هەندێ لەژنانی دەرەوە بوغور دەسوتێنن، دوای هاتنەدەرەوەی هەلهەلەی هیستری لێدەدرێت. یەکێك لەژنەکان (اللبان الدکر)و قاوەو بوغوردە سوتاوەکە بەیەکەوە تێکەڵدەکاتو دەیداتە دەست مامانەکە جارێکی تر دەچێتەوە ژووێ لەگەڵ تیمێك لەژنی خۆبەخشدا، ئەو تێکەڵەیە دەخەنە سەر برینەکەو بەشێوەیەکی زۆر توند لەسەری دادەنێ، پاشان پارچەیەك قوماشی زبر دەخاتە سەری، مامان جارێکی تر دێتەدەرێ تا پارەیەکی باش لەخاوەنی کچە وەرگرێت، سیناریۆ بەربەرییەکە بەشادیی و هەلهەلەلێدانی هەمووان کۆتاییدێت، یەك کەس نەبێت ئەویش کچەکەیە کە دڵنیام بەتەنیایی دەمێنێتەوەو ساردیی و تەنیایی دەوری دەداتو فرمێسکی پرسیار دەڕێژێو دەڵێ بۆچی وام بەسەرهات؟ من چ هەڵەیەکەم کرد؟ ئەو نازانێت تەنیا هەڵەی گەورەی ئەوەیە کە خوا بەکچ خولقاندوییەتی!.

## خەتەنکردنی نەوال ئەلسەعداوی

لەزانای کۆمەلایەتییەوە بۆ پزیشك و نووسەری ناودار دکتۆر نەوال ئەلسەعداوی کە باس لەئەزموونی شەخسی خۆی دەکات لەگەڵ خەتەنەکردن، زۆر ئازایانەو ناخۆش باسی دەکات، ئەم چیرۆکە ئاماژەیەکی جیاوازی هەیە چونکە لەلایەن ژنێکی دکتۆرەوە باس دەکرێ د. نەوال منداڵی چینێکی مام ناوەندی موحافیزکاربوو،



لەخێزانێك بوو كە تاڕادەیەكی باش خاوەن زانستو ڕۆشنبیری بوو، نەوال ئەلسەعداوی بەمشێوەیە چیرۆكی خەتەنەكردنەكەی دەگێڕێتەوە: تەمەنم شەش ساڵان بوو، لەجێگە گەرمەكەی خۆمدا خەوتبووم كاتێك هەستم بەدەستێكی زبری گەورەكرد كە نینۆكی درێژو پیسی هەبوو، بەرەو لای من درێژدەبێتو دەمگرێت، دەستێكی هاوشێوەی ئەو دەستە زبرو گەورەیەش بەوپەڕی هێزەوە دەمم دەگرێت تا هاوارنەكەم، هەڵیانگرتمو بەرەو حەمامەكەیان بردم، نازانم ژمارەیان چەندبوو، لەبیرم نایەت شێوەی دەموچاویان چۆن بوو، پیاوبوون یان ژن؟ دنیا لەپێش چاومدا ڕەشببوو لەوانەیە چاویان بەپەڕۆ بەستبێم، هەموو ئەوەی هەستم پێكرد لەوكاتەدا ئەو دەستە ئاسنینەبوو كە سەرروباڵو قاچی گرتبووم تا ئەو رادەیەی هیچ بەرەنگاریی و جوڵەیەكم بۆ نەدەكرا، هەروەها ساردی كاشی حەمامەكە كە بەر لەشولاری رووتم دەكەوت، دەنگە نەناسراوەكانو چرپەچرپێك لەگەڵ دەنگی شتێكی ئاسنین كە بیری چەقۆی قەسابەكەی دەخستمەوە كاتێك پێش سەربڕینی مەڕەكە تیژی دەكردەوە، خوێن لە لەشما بەستی، وام هەستدەكرد چەند دزێك لەجێگەكەمیان دزیوومو خۆیان بۆ سەربڕینم ئامادە دەكەن، زۆر چیرۆكی لەو شێوەیەم لەنەنكە لادێییەكەم بیستبوو، گوێبیستی دەنگی ئاسنەكەبووم، هەر كە دەنگەكە وەستا دڵم لەپەراسووەكانمدا وەستا، من كە هەناسەم گیرابوو چاوم داخرابوو هەستمدەكرد ئەو شتە لەمن نزیكدەبێتەوە، نا لەگەردنم نزیكدەبێتەوە، بەڵكو لەسكم نزیكدەبێتەوە، لەشوێنێك



لەنێوان رانەکانمدا، ئەو ساتە هەستمکرد کە رانەکانم لەیەك کرانەوە، رانەکانم بەدەستێکی زۆر بەهێز لەیەکتر جیاکرانەوە، وەك ئەوەی چەقۆیەکی تیژ یان گوێزانێك لەسەر گەردنمە، هەستمکرد شتێکی ئاسنین زۆر بەتیژیی و بەهێز لەنیو رانەکانمدا پارچەیەك لەلەشم لێدەکاتەوە، لەتاو ئازار هاوارمکرد گەرچی دەمم گیرابوو، ئازارەکە ئازار نەبوو، بەڵکو ئاگرێك بوو بەهەموو گیانمدا تێپەڕی پارچەیەکی سوور لەخوێنەکەم لەناو حەمامەکەدا دەوری دابووم، نەمدەزانی چییان لێکردومەتەوە، هەوڵیشم نەدا پرسیار بکەم، دەگریام، هاواری دایکم دەکرد فریام کەوێت، چەند سەرسامبووم بینیم لەگەڵ کەسە نامۆکاندا وەستاوە بۆیان پێدەکەنێت وەك ئەوەی پێش چەند چرکەیەك کچەکەیان سەرنەبڕی بێت، هەڵیانگرتم بۆ جێگەکەم، خۆشکەکەمم بینی کە بەدووساڵ لەمن بچووکتربوو بەهەمانشێوەی من بەدەستیانەوەیە، هاوارمکردو پێمدەگوتن نا، نا دەموچاوی خۆشکەکەم بینی لەنێو دەستە زبرە گەورەکاندا، رووخساری رەنگی مردووی گرتبوو، چاوم بەچاوی کەوت لەیەك چرکەی خێرادا پێش ئەوەی بیبەنە حەمامەکەوە، وەك ئەوەی لەوساتەدا هەردووکمان هەستمانکردبێت بەنەهامەتیی، نەهامەتییەك کە ئێمە لەرەگەزێکی تر دورستکراوین، رەگەزی مێ کە چارەنووسی رەشمان دیاریدەکات، کە بەدەستی ساردی ئاسنین دەمانبات تا پارچەیەك لە لەشمان لێبکاتەوە.



## خەتەنەكردنی ژنێكی فەرەنسی

نەوال ئەلسەعداوی پرسی، بەڵام ئەوانی تر نەیان پرسی، بەڵكو رازیبوون وەك مێگەل پێشخرێن بۆ چارەنووسێك كە وەك قەزاوقەدەر وایە، لەوە سەیرتر زۆر لەوانە لەئاكامی نەبوونی وشیاریی بەرگریی لەسەربڕینیان دەكەن، مەزەندە بكە شتنەوەی عەقڵی ژن گەیشتۆتە چ رادەیەك كە پێیوایە كردنی بەقوربانیی لەقەسابخانەی رەوشت گەورەترین پاداشتە، ئەگەر نەوال ئەلسەعداوی باسی لەئەزموونی خەتەنەكردنی كچێكی خۆرهەڵاتی موسڵمان كردبێت، ئەوا (سلێمان فیاض)ی گەورە رۆماننووس لەڕۆمانی (اصوات)باس لەئەزموونێكی نەگونجاوو سەیر دەكات، ئەزموونی ژنێكی بیانی كە كەس‌وكاری مێردە میسرییەكەی پێیانوابووە كە بەم خەتەنەكردنە پارێزگاریی لەشەرەفی كوڕەكەیان دەكەن، كە لەتاراوگە گەڕاوەتەوەو كچێكی فەرەنسی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەوە كە بێگومان خیانەتی لێدەكات ئەگەر خەتەنە نەكرێت، ژنانی لادێكە كۆبوونەوە، بڕیاریاندا شەرەفی حامیدی كوڕیان بەخەتەنەكردنی سیمۆن رزگار بكەن، تا نەبێتە پشیلەیەكی برسی و بەدوای پیاودا بگەڕێ وەك خۆیان وەسفیاندەكرد، لەسەر زمانی زەینەب ژنی براكەی حامید كە ئیرەیی بەسیمۆن دەهات گوێبیستی چیرۆكەكە دەبین:

نەفیسە دەرگاكەی داخست و چواردەورمان گرت، بەچوار دەوری خۆیدا دەخولایەوەو بەدوای شوێنێكدا دەگەڕا خۆی لێوە رزگار



بكات، بەهەموومان گرتمان، هاواری كردو بەرەنگاریی دەكرد، لێی نەترساین بەدەستم دەمیم داخست، دام بەزەویدا لەسەر فەرشەكەی لەژوورەكـەدابوو، چمكـی كراسـەكەی بـەریمان هەڵدایـەوە، بـاش گرتبوومـان، ئـەویش بەهـەموو توانایـەوە هـەوڵیدەدا لـەو هەشـت دەستەی گرتبـووی رزگـاری بێـت، نەفیسـە وتـی: پێـم نـەگووتن؟ نەفیسە دەستیكرد بەپاككردنەوەی ئەو مقەستەی بەدەستیەوەبوو، پاشـان بەشـیرینی هـەنگوینی رەش تـا ئـەو پیسـاییەی لـەنێو رانەكانیدابوو پاكبكاتـەوە، نەفیسـە بەخەسـوومی وت: تەماشـاكە پێم نەگوتی خەتەنە نەكراوە؟

لەم مەسـەلە ترسناكەدا دەبوایە لیكـی ژنـەكان بڕژایـە بـۆ ئـەوەی سـادیانە هەڵسـوكەوت كـەن، ئـەو سـادیەتییەی كـە وەك جینـاتی ویراسی لەنەوەیەكەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەكی تر.

(سلێمان فیاض) چیرۆكەكەی لەسـەر زاری زەینـەب تـەواو دەكـاتو دەڵێت: نەفیسـە شووشـەیەكی لەسـنگیدا دەرهێنـا، سـەرقاپەكەی لێكـردەوە، بۆنـی بـەنجی لێدەهات، شووشـەكەی بەسـەر پارچەیـەك لۆكەدا رژاند كە لەسنگیدا دەریهێنا، پاشان خستییە سەر لووتـی سـیمۆن، لـەڕووناكی گڵۆپەكـەدا چاوەكـانیم بینـی كـە بەتـەواوی كرابوونەوە، پڕبوون لەترس، بیرمكردەوە بەریدەمو ئەوانی تریشی لێ دوور خەمـەوەو بـەئاگای بهێنمـەوە، خـۆم لەشـوێنیدا دەبینـی، بەڵام وام بەخەیاڵدا هات كە رۆحی حامیدی داگیركردووە، هەروەها بەلەشولاریشی كە وەك ماست سپی بوو رەنگە مێردەكانی ئێمەش داگیربكـات، چونكـە خەتەنـە نـەكرابوو هـەموو گیـانی لـەژێر



دەستماندا خاو بووەوە، دەمیشی چیتر بەرگریی نەدەکرد، نرکەونالەکەی کە لەلووتییەوە دەهاتە دەرێ وەستا، چاوەکانی دەرپەڕپیبوون، هەر لەهاتووچۆدابوون (هەموو ئەم ترسە بەزەیی پاڵەوانی رۆمانەکەی نەجولان، ترس و دڵەراوکێ حەزی ژن زیاد دەکات و هانی دەدات بۆ پێشێلکاریی زیاتر). زەینەب چیرۆکەکە تەواو دەکات و دەڵێت: نەفیسە ئەرکەکەی خۆی زۆر بەدڵخۆشی جێبەجێدەکرد، ژنەکانی تریش بەکەماڵی ئیسراحەتەوە وەستابوون و تەماشای ئەرکە جوانەکەیان دەکرد، بەدڵەراوکێ و شادییەکی زۆرەوە نەفیسە بەدەستێکی رایکێشا بەلای خۆیداو بەدەستەکەی تری گوێزانێکی تیژی دەرهێنا وەك گوێزانی سەرتاشەکان کە لەگیرفانیدابوو، کردیەوەو بەلایەکی کراسەکەی سڕیەوە، پاشان ئەو دەستەی کە موسەکەی پێبوو بەخێرایی جولاند، ئەو شتە لێبووەوەو کەوتە دەستەکەی ترییەوە، خوێنێکی زۆر بەربوو، تائەوکاتە بەوشێوەیە لەخەتەنەکردنی کچان وکوڕاندا خوێنی وا زۆرمان نەدیبوو، نەفیسە هەرچی لۆکەی پێبوو خستییە سەر برینەکە تاخوێنەکە راگرێت، بەڵام لۆکەکە زۆر زوو لەخوێندا نغرودەبوو کە لەو داماوەوە دەڕژا، نەفیسە شاڵەکەی خۆی پیادادا، پاشان هەرچی بەردەستدەکەوت بەکاری دەهێنا، بەڵام خوێنەکە رانەدەوەستا، قوماشەکان لەخوێندا نغرۆ ببوون، خەسووم کەوتە دەموچاو رنینەوەی خۆی و هاواریکرد، قوڕمان بەسەر، نەفیسە هاواریکرد بەسەرماندا تا حەیای خۆمان نەبەین و داوای لەمن کرد هەرچی قاوەو خۆڵەمێشی تەنوورەکەو گڵی سوور هەیە بیهێنم، نە



قاوە نە گڵ نە پیاز نە قۆلۆنیا نەیانتوانی سیمۆن بەئاگا بهێنەوە، چونکە مردبوو، ئەم ژنانە سیمۆنیان بۆیە وا لێکرد چونکە بەچوونی بەرەو ژیان لەگەڵ خۆشەوسیتەکەیدا گاڵتەی بەکپبوون و بێ عەقڵیی ئەوان دەکرد بۆیە بڕیاریاندا بۆ هەتاهەتایە بێدەنگی کەن، نەك بەبڕینی زمانی، بەڵکو بەبڕین و پەڕاندنی ژنایەتییەکەی.

## سەردەمی پیاو نەماوە

لەسلێمان فیاض-ەوە بۆ رۆماننووسی کۆچکردوو فەتحی غانم و رۆمانی (زينب والعرش) کە تێیدا زەینەب پاڵەوانی رۆمانەکەیەو خەتەنەدەکرێ لەنێوان رەتکردنەوەی داپیرە تورکەکەی (دودوهانم) و سووربوونی خەدیجەی دایکی کە بەڕەچەڵەك لادێی بوو، بەڵام یاسای ساختەی رەوشت دەنگی بەرزتربوو، گوێزانەکەی (ام اسماعيل) خاڵی کۆتایی رستەکەی دانا، ئەوەبوو زەینەب خەتەنەکرا، فەتحی غانم دوای خەتەنەکردنی زەینەب بەرۆژێك دەڵێ: کاتێك دودوهانم زەینەبی بینی قاچەکانی کراونەتەوەو رووی شکاوە داوای لێکرد بێتەلای، بەڵام زەینەب بەشڵەژاویی وەستابوو، خەدیجە پێکەنی و وتی: شەرم دەکات، بەڵام شادیی لەچاوەکانی خەدیجەدا بریسکەیان دەهات کە هەوڵی دەدا ئەو شادییەی خۆی بگەیەنێتە خەسووی، دایکی زەینەب ئەوەی نەدەکرد کە کردی ئەگەر بڕوای تەواوی بەوە نەبووایە کە ژنایەتی زەینەب بەخەتەنەکردن کاملدەبێت، دایکی زەینەب دەیزانی



کچەکەی شوو بەپیاوی تورکی ناکاتو مێردەکەی میسری دەبێت، پیاوی میسریش بەژنێك رازی نابێت خەتەنە نەکرابێت، خەدیجە دەستیکرد بەگێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە باس لەو پیاوانە دەکەن کە بۆیان ئاشکرابووە ژنەکانیان خەتەنە نەکراونو تەلاقیان داون، وەك بەسەر (حیکمەت ئولفی)دا هات کە خێزانێکی تورك بوونو لەگەڵ مونیرەدا دەژیا، مێردەکەی بڕیاریدا کە (ام ئیسماعیل) دەبێت ژنەکەی خەتەنەبکات، کچەکەش بووکێك بوو بیستەکانی تەمەنی تێپەڕاندبوو، خوێنی زۆری لێ ڕۆیشت خەریکبوو دەمرد، دودوهانم سەری بۆ قسەکانی خەدیجە رادەوەشاندو تەسلیمی بوو، ئەویش باسی لەوە دەکرد کە سەردەمی ئەو پیاوانەی پیاوبوون بەسەرچوو، ئەم چیرۆکانە قسەی ڕۆمانەکان نین، بەڵکو واقیعن، ئەم چیرۆکانە هەموویان دڵۆپێکن لەدەریایەك دڵەڕاوکێو ئاڵۆزیی کە بەچەقۆی نەزانینو ئەفسانە کچەکانمانی تێدا سەردەبڕرێت، ئەو خوێنەی لەکچەکان دەڕژێت هەندێجار کەمترین زیانە، چونکە تێکچوونی باری دەروونیی زیاتر وێرانکەرە.

لەو بارەیەوە د. فەهمی عەبدولسلام لەکتێبەکەیدا بەناوی (مفاهیم جدیدە) دەڵێ (کاریگەرییە دەروونییەکانی خەتەنەکردن زۆرجار پێش پرۆسەی خەتەنەکردن سەر هەڵدەدا، هەرکاتێك کچێك گوێی لەو مەسەلەیە دەبێت لەلایەن بەتەمەنەکانەوە دڵەڕاوکێی زیاتر دەیانگرێت، چەند لەتەمەنی کاتی خەتەنەکردن نزیکبێتەوە دڵەڕاوکێکەی زیاتردەبێتو دەبێتە تۆقینی دەروونی کە لەهەندێ



جـاردا دەگاتـە ئـەوەی خـەوی نـاخۆش ببینـێ و لـەخوێندن دوابکەوێت، بەڵام دڵەڕاوکێکە کاتێك زیاتر دەبێت کە کچەکە بڕوای بەخۆی و بەکەسایەتی خۆی هەیە، د. تەها باشر دەڵێت: کچێك لەکاتی خەودا هاواریدەکردو دەیگوت: زیندەوەر، زیندەوەر، بەڵام کەس وکارەکـەی هیـچ زیندەوەرێکیـان نەدۆزییـەوە، پاشـان ئاشـکرابوو کـە خزمەتکارەکـەیان لەچـەند رۆژی رابـردوودا پێیگوتبوو کە خەتەنە دەکرێت، زیندەوەرەکەی کە لەخەوەکـەیدا دەیبینی لای خەڵکیی گوزارشتە لەدیمەنە ترسناکەکەی ئەو ژنەی خەتەنـەی دەکـات، دوای ئـەوە کچەکـە دڵنیاکرایـەوە کـە خەتەنـە ناکرێت، کچەکە گەڕایەوە بۆ خەوە هێمنەکانی خۆی، سەبارەت بەکاریگەرییـە دەروونییـەکانی تـری خەتەنـەی کچـان، (د. سامیە سلێمان رزق) دەڵێت: نـاکرێ کاریگەرییـە دەروونییـەکانی کچێك بسڕینەوە کە بەغەدر لەنێو ئاهەنگدا دەبڕێت تا رووبەڕووی گرتن ببێتـەوەو چاوی بەچـەکی پـەڕاندن بکـەوێ و بەدەسـت ئـازارەوە بناڵێنێ، لەبەرامبەردا بەرتیلی ماددیی کەمی بدرێتێ، کچەکە چەند منداڵ بێت دەتوانێت هەست بەو غەدرە بکات کە بەرامبەر دەستێ جلـی تـازەو ژەمـە خواردنێکـی بـاش لێیدەکرێـت، ئـەو رۆژە زۆر لەکەرامەت و حورمەتی خۆی بەرامبەر بەخۆی دۆڕاندووە ناشزانێ بـەچ گوناهـێ گـیرۆدە بـووە، لەخەتەنکردنـەوە منـداڵ متمانـەی بـەدایك وباوکی یـان ئەوانـەی لەشـوێنیانن نـامێنێت، ئـەو غـەدرو ئازارە لاشەیی و دەروونییە هەستکردن بەزوڵم لای کچە منداڵەکە دروستدەکات کە لەوانەیە بۆ گوازارشتکردن لێی پەنا بەرێتە بەر



کاری زۆر نامۆ بەسروشتی خۆی، خەتەنەکردن تەنیا بڕینی پارچەیەك نییە بەڵکو بڕینی دەروونییشە، بەڕاستی بڕینی دەروونییە پێش ئەوەی بڕینی جەستەیی بێت.

(د. عادل سادق) مامۆستای پزیشکی دەروونیی لەسەر مانای پێشوو دەڵێت: خەتەنەکردن بەدرێژایی ژیان لەخەیاڵی کچەکاندا دەمێنێتەوە، دەڵێن ئەم بەشە بۆیە دەبڕێت بۆ ئەوەی کچەکە لانەدات، لەبەرئەوە مەفهومی رەوشت بەغەریزەوە دەبەسترێتەوەو ئەویش هیچ ئیرادەیەکی لەوەدا نییە، ئەمە مێینە بێ بەشی دەکات لەشانازیکردن بەخودی خۆی کە لەبڕواو ئیمانەوە سەریهەڵداوە،

(د. تەها باشر) لەکتێبەکەی پێشوویدا باس لەژنێکی سی ساڵ دەکات کە تووشی حاڵەتی دەروونیی بووە دوای ئەوەی شوێنی خەتەنەکەی چاك نەبۆتەوەو نەیتوانیوە نان‌وئاو بخوات، دەبوایە لەڕووی لەش‌ولاروو دەروونیشەوە لەعیادەی نەخۆشییە دەروونییەکان چارەسەر بکرایە، باس لەژنێکی تر دەکات کە نەخۆش کەوتووەو رەوانەی لای دکتۆر کراوە، دەرکەوت منداڵی نییەو دووجار تەڵاقدراوە، دوای پشکنین دەرکەوت کە وەرەمێکی هێندەی تۆپێکی تێنس لەژێر برینی خەتەنەکەیدایە، دوای دەرهێنانی ئەو وەرەمە چاکبۆوەو نەخۆشخانەی جێهێشت، توێژەروان ئەو گۆڕانە ترسناکەی دوای خەتەنەکردنی مێینەکانیان بۆ ئاشکرابوو، ئەویش بەوەی کە کچەکان پێش خەتەنەکردنیان قسە خۆش‌و چاوپاك‌و سروشتی بوون‌و لەپشکنینی پزیشکی نەدەترسان، بەڵام دوای دوو مانگ یان دوو



ساڵ لەخەتەنەکردن، وێنەکە بەتەواوی گۆڕاوە، هەندێ لەو کچانە بەلەرزەوە دەوەستێن، هەندێکیان لەپشکنینی پزیشکی دەترسێن و توشی تووقین هاتوون.

پێویستە ئەوە بزانین کە خەتەنەکردن نزیکبوونەوە نییە لەخواوەند.. ئەوەی لەسەردەمی فیرعەونەکاندا دەکرا ئێستا بۆ ئەم سەردەمە باش نییە.. لەنەریتی میسرییە کۆنەکاندا بوکەڵەیەکیان لەشێوەی کچ دەهێناو جوانیان دەکرد وەك پاکیزە، رۆژی شووکردنەکەی هەڵیاندەدایە رووبارەوە، ئەوان پێیانوابووە ئەگەر وا نەکەن ئەوە رووبارەکە لێیان توڕەدەبێت و لافاویان بەسەردا ئەکات، کاتی وەفای نیل کاتی گونجاوبوو بۆ خەتەنەکردنی کچان، مامانەکان لەوکاتەدا خەتەنەیان دەکردن، ئەو پارچەیەی لەکچەکانیان دەکردەوە دەیانناڵان لەپارچە پەڕۆیەك و دەیانکرد بەدەزوویەکەوەو دەیانکردە ملی ئەو کچەی پارچەکەی لێکراوەتەوە، لەرۆژی ئاهەنگی لافاوی نیلدا ئەو پارچەیەیان دەخستە ئاوەکەوە، چونکە بڕوایان وابوو ئەو کچەی وانەکات بەقەیرەیی دەمێنێتەوەو شوو ناکات، ئەگەر شووشی کرد ئەوە بەهیچ شێوەیەك منداڵی نابێت، ئەگەر منداڵیشی بوو ئەوا منداڵەکانی ناژین و بەمنداڵی دەمرن.



## خەتەنەکردن نەریتێکی ئیسلامی یان فرعەونی نییە، بەڵکو نەریتێکی کۆیلایەتییە !

## خوێندنەوەیەکی مێژوویی و ئەنثرۆپۆلۆجی:

تاماوەیەك لەمەوبەریش پێموابوو خەتەنەکردنی ژنان نەریتێکی هەڵەیەو موسڵمانەکان ئەنجامی دەدەن و دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەونییەکان، بەڵام کاتێك یەکێك لەنەخۆشەکانم کە مەسیحی بوو پرسیاری لێکردم کە ئایا دەتوانم خەتەنەی کچە بچووکەکەی بکەم، دوجار سەرم سوڕما، یەکەم لەبەرئەوەی ئەو داوایەی بەشەخسی لەمن کرد، بەڵام سەرسوڕمانی گەورە ئەوەبوو کە داواکارەکە مەسیحی بوو، لێرەدا بێ هیوابووم، گەشتمە ئەو باوەڕەی کە خەتەنەی کچان نەریتێکە کە هەموو بەربەستە ئاینیی و رەگەزەکان دەبەزێنێت، ئەم نەخۆشە وای لێکردم سەرلەنوێ توێژینەوە لەسەر مێژووی ئەم نەریتە بەربەرییە بکەم، ئەمجارە دوور لەئایینەکان کاتێك بارودۆخی ژنم لەسەردەمی فیرعەونیدا خوێندەوە گومانم لەوەکرد کە خەتەنە لەڕەچەڵەکدا فیرعەونی بێت وەك زۆرکەس دەڵێن و وەك خۆشم بڕوام پێی هەبوو، لێرەوە بڕیارمدا کە بچمە دەریاو زەریا ئاڵۆزەکانی مێژووی خەتەنەکردنەوە تا بەیەکەوە تێبگەین لەکوێوە ئەم رووبارە خوێنیانە سەریهەڵداوە؟



## حەیای کڕیومەتەوە

(مـاهر برسـوم عەبدولمـەلیك) راویژکـار لەکتێبەکـەی بـەناوی (مذکـرات مستشـار مصـری) چـیرۆکێك دەگێڕێتـەوە کـە بەڵگـەی گرنگـی هەیـە، ڕووداوەکـە لـەکاتێکدابووە کـە وەك وەکیـل النیابـە لەصەعید کاریکردووە کاتێك بانگکراوە بۆ لێکۆڵینـەوە لـەڕووداوی کەسێك کە لەشـەمەندنەفەر کەوتۆتـەخوارەوەو قـاچێکی پـەڕیووە، لەکاتی پرسیارکردن لەبریندارەکە خەزووری تاوانبارکرد، کـاتێك ڕووبـەڕووی تاوانبارەکـە بوونەتـەوە ئـەویش بـەرگریی لـەخۆی کردووە بەشێوەیەك کە جۆرە بڕواپێکردنێکی تیابوو، وتـی: شـتی وا دەبینیت گەورەم؟ لەشەمەندنەفەر بیخەمە خوارەوە؟ ئەم حـەیای کڕیومەتەوە، ئەم رستەیەی دوایی هەموو گیانی خستمە لەزرین کە هەموو مەسەلەکەی کورتکردەوە، وتی (ژن لەکەیە، پیاو دەتوانێت شـوێنی دەسـتی ئـەو لەکەیـە بشـارێتەوە) لەوانەیـە بەکوشـتن بیشارێتەوە یان بەمارەکردن کۆتایی بەهەموو کێشەکانی بێت، یان ئەم بێ عاریە لەمنداڵییەوە بەخەتەنەکردن بشارێتەوە.

ئەمانـــە هـــەموو شـــوێنەوارەکانی ســـەردەمی کویلایـــەتی و دەرەبەگایەتی و کەنیزەیی کە درێژبوونەتەوە بۆ عەقڵی ئەو پیاوە نەخۆشانەی کـە تائەمڕۆ بەلۆژیکی شـەهرەیار دەژیـن و پێیانوایـە گـەر ئـەمڕۆش ژن هـەندێك لەمافـەکانی خـۆی وەرگرتبـێ ئـەوا بەخشـندەیی پیـاوەو چـۆن دوێنـێ خەسـاندنی کۆیلـە زەمانـەتی ملکـەچیی کۆیلـەبوو، ئـەمڕۆش خەتەنـەکردنی ژن زەمانـەتی



پاكيزەيی و رەوشت بەرزيی ژن دەكات كە پياو بەموڵكی خۆی دەزانیّ و نابیّ و ناكریّ كەس دەستی بۆ بەریّت، ئەوەی ئەم بۆچوونە راستدەكاتەوە ئەوەيە كە مانای (البظر- قيتكە)يە كە بنچينەی وشەكە لەڕووی زانستەوە (كليلە) كە پياو پێيوايە كليل دەتوانێت دەرگاكانی حەرامو شەهوەت دابخات، بۆيە بڕينو لەناوبردنی خێراترين رێگايە!

## بنچينەی خەتەنەكردن

زۆر لەپزيشكو توێژەردوەكان خەتەنەی مێينە بەكردەوەی فيرعەونييەكان رەتدەكەنەوە، لەوانە د. محەمەد د. غياض و د. نوال ئەلسەعداویو د. سامی الزينو چەندين خەڵكی تريش، لەگەڵ ئەوەی لەسودان بەترسناكترين شێوەی خەتەنە دەڵێت خەتەنەی فيرعەونيی.

د. نەوال ئەلسەعداوی دەڵێت: لەئەندەنووسيا خەتەنەكردن پێش ميسری كۆن هەبورە، زانستی مێژووی ئەنثرۆپۆلۆجی سەلماندويەتی كە خەتەنەكردنو خەساندنو ئەو شتانە، هيچ پەيوەنديی نييە بەميسرييەكانەوە يان عەرەبو موسڵمانو جولەكەو مەسيحیو بوزييەكانەوە.. هتد، بەڵكو پەيوەستە بەشێوەی ئەو سستەمە كۆمەلايەتیيو ئابوورييەی لەكۆمەڵگەدا هەبورە نەك بەشێوەی مرۆڤەكە يان ئايينەكەی يان رەنگی يان رەگەزی يان زمانی، هەرردها دەڵێت: كيشوەری ئەفريقا يان رەنگی



ڕەش بەرپرس نییە لەم تاوانە، بەڵکو یەکێکە لەتاوانەکانی دەرەبەگایەتی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەمە تێڕوانینێکی ڕەگەزپەرستانەیە کە پێیانوایە هەموو کێشەکانی دنیا بەئایدزیشەوە لەئەفریقاوە سەریهەڵداوە یان لانی کەم لەئەفریقا دەستیپێکردووەو پاشان گواستراوەتەوە بۆ ڕەگەزی سپی پێست.

(د. سامی ئەلذیب) خاوەنی گرنگترین دیراساتەکانە لەسەر خەتەنەکردنو دەڵێت: هۆی خەتەنەکردن دەگەڕێتەوە بۆ سستمی پیاوسالاریی کە ڕێگە بەفرەژنییو سستمی کۆیلایەتیی دەداتو ئاماژە بەکتێبی (الکاما سوترا)ی هندی دەدات، کە باس لەوە دەکات پیاو لەسستمی (حەرەم سەرادا) نەیدەتوانی سەرجەم ژنەکانی کە هەیەتی ڕازیبکات، بۆ سێکسو هەر شەوەی لای یەکێکیان دەبوو، یەکێکی لەژنەکان هەڵدەبژارد تا سێکسی لەگەڵ بکات ئەمە لەکاتێکدا ئەوانی تر کە بێبەشدەبوون پەنایان دەبردە بەر فرتوفێڵی نامەشروع بۆئەوەی بگەن بەپیاوێك یان قەرەبووی ئەو بێبەشییە بکەنەوە، بۆ دانانی ڕادەیەك بۆ ئەو کارە نامەشورعانە نێرینەکان هەستان بەسەپاندنی خەتەنەکردن بەسەر مێینەکاندا بەو حسابەی ڕێگەیەکە بۆ ڕاگرتنی حەزوئارەزووەکانیان، هەروەها ڕێگەیان لەمنداڵە شەرعییەکانی خۆیان گرت تێکەڵ بەمنداڵانی پیاوە نامۆکان ببن.

(د. ئەحمەد شەوقی ئەلفەنجری) لەسەر ئەمە دەڵێت: ئەم کردەردیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی دەرەبەگایەتی، ئەوکاتەی دەرەبەگ هەزاران سەر ئاژەڵو مەڕومالاتی هەبوو لەگەڵ سەدان کۆیلەی



ژن وپیاوو بەیەك شێوە مامەڵەی لەگەڵ ئاژەڵ ومرۆڤەکاندا دەکرد بەو حسابەی ئەو خاوەنیانە، ئاژەڵە نێرەکانی دەخەساند تا لەگەڵ ئاژەڵــە مێینــەکاندا جــووت نــەبن لــەکاتی شــیرداندا، پیــاوە کۆیلەکانیشــی دەخەســاند تــا لەژنــەکانی نزیــك نەبنــەوە، ئاژەڵــە مێینەکانیش پارچەیەك لەبەردو پیسییان دەخستە ناو رەحمییەوە تا لەکاتی نەگونجاودا ئاوس نەبن، بەڵام ژنە کۆیلەکانی بەموڵکی خۆی دەزانی گەرچی ژمارەیان بەسەدان ژنە کۆیلەبوو، خەتەنەیان دەکردن بۆئەوەی هەستی سێکسییان بکوژن و چێژ لەسێکس نەبینن، چونکە نەیدەتوانی هەموویان تێر بکات.

## نەریت ونەفسانە

زۆر لەکۆمەڵگەکان خاوەنی چیرۆکی پڕ ئەفسانەن کە زۆرجار دەگەنە ئاستی پیرۆزیی و پەرستن، تا ئەمڕۆ زۆرێك لەگەلان ئەفسانە بنچینەی نەریت و سرووتەکانیانە، لەئەفسانەی (قەرابین)دا پارچە لێکراوەکانی قوربانیی دەبنەوە بەپێکهاتەکانی خەلقبوون، لەئەفسانەی (ریجفیدا)ی هنیدیدا دوای ئەوەی (بروزا) دەبێتە قوربانیی و پارچەپارچە دەکرێت، دواتر لەپارچەکانی جیهان دروستدەکرێتەوە، بۆ نموونە لەچاوەکانی خۆر دروستدەبێت، زۆربەشمان چیرۆکی (ایزیس و اوزیریس)کە خواوندی شەڕ (ست) لەتی کرد (ایزیس)هەوڵیدا پارچەکانی کۆبکاتەوە، بەڵام نەیتوانی ئەندامی زاوزێی بدۆزێتەوە کە (سی)ی



ماسی هێزی شەڕ قووتیاندابوو، لەئەفسانە کۆنەکانی ئەفریقاش ئەفسانەی خێڵی (مانتجا) هەیە کە هەردووبرا (باجنزا)و (یاکۆمۆ) لەبەردەمی خواوەندا زۆرانیان گرت، یەکەمیان تێیدا بریندارببوو خەتەنەکرا، دوای چاکبوونەوەی سێکسی لەگەڵ ژنەکەی رەتکردەوە، ئەویش لەڕێی خۆیەوە داوایکرد خەنەتەبکرێ تا هاوسەرەکەی رازیبکات، ئەفسانەی قوربانیی بووکی (نیل)یش کە پێشتر باسمانکرد، لەلایەك بەکاردێت بۆ خۆلادان لەتووڕەیی خواوەندو لەلایەکی تر وەك سروتێ بۆ خواپەرستی، کە زۆرجار قوربانییەکە بەشێك لە لەشی لێدەکرێتەوە، هەندێ لەخێڵە ئەفریقاییەکان گونی لای چەپ یان راست بەخواستی خۆیان دەبەخشن بۆ خۆپاراستن لەشەڕی لەدایکبوونی دووانە، لێرەدا خەتەنەکردن دەبێتە تەنیا تاریکییەکی ئەفسانەییو سمبولێك بۆ قوربانیی ئایینیی کە هێواش هێواش دەبێتە نیشانەی جیاکارییو یەکرەوی خێڵێك یان یەکێك لەخاوەن ئایینەکان یان دانیشتوانی وڵاتێك کە ئەم کەشە بەیەکیانەوە گرێدەداتو لەپارچەپارچەبوونی کۆمەڵایەتی دەیانپارێزێت.

حەزی کۆمەڵگە لەوەی ببنە فۆتۆکۆپی دووبارەبووەی یەکتر، درێژکراوەی بیری کۆیلایەتییە کە نەریتی خەتەنەکردنی خۆڵقاندو رێی بۆ خۆشکرد.

(د. کامیلیا عەبدولفەتاح) باس لەکاریگەریی ئەو لەیەکچوونە لەنەریتی خەتەنەکردنی کچان دەکاتو دەڵێت: خەتەنەکردنی کچان دەکەوێتە ژێر مەفهومی لەیەکچوون لەکۆمەڵگەدا، ئەمەش



لەچاوەڕوانکردنی خەتەنەکەداو لەپێویستییەکەیدا دەردەکەوێت، هاوشانی حەزی کچەکە بۆ لەیەکچوون حاڵەتی دەروونیی هەیە، ئەویش هەستکردنی کچەکەیە بە گرنگیپێدان ئەگەر بۆ چەند رۆژێکیش بێت، ئەو گرنگیپێدانەی بەهەمیشەیی کچان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هەستی پێناکەن، ئەو خۆشحاڵییەی کە سەرجەم خێزان دەگرێتەوەو لەهزری کچە بچوکاکاندایە، ئەوانەی داوایان لێدەکرێت خەتەنەبکرێن وەك نەریتو بەشداربوونێکی بوونو بۆلێکچوون لەگەڵ بەهاکانی کۆمەڵگەدا، ئەوەی سەیرە ئەم حەزە لەلێکچووندا وەك (د. کامیلیا) باسی دەکات زۆر بەهێزە، بەپێچەوانەی ئەوەی پێمانوایە ئازار بەسەریدا زاڵدەبێت، ئەوەی رەتیدەکاتەوە سەقامگیرە، یان بەشێوەیەکی تر ئەوەی هەندێ سەقامگیریی بۆ دەوێت بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوت، ئەوەی رەتیدەکاتەوە دۆڕاوەو کردەوەکانی جێی خۆشحاڵی نییە، هاوڕێکانی گاڵتەی پێدەکەن کە ئەو لەوان کەمترە، بۆیە ناچاردەبێت داوای خەتەنەکردنی خۆی بکات!!.

د.سامی ئەلذیب هەندێ نموونە دێنێتەوە کە لەوانەیە لەسەرەتاوە سەیرمان لێبێت، بەڵام کاتێك لەنزیکەوە هەست بەتوندوتیژیی نەریت دەکەین ئەو سەیربوونە وندەبێتو ئەو کۆمەڵگەیەی سودان ئەوانەی خەتەنەکراون دەخاتە سێ خانەوە (منداڵان، شێتەکان، سۆزانییەکان)، یەکێك لەدیراسە مەیدانییەکانی لەسۆماڵ کراوە ئاماژە بەوە دەدات کە ئەو کچانەی ماوەیەکی زۆرە ماونەتەوەو خەتەنە نەکراون داوای خەتەنەکردن دەکەن، چونکە خەتەنە



نەکردنیان وایانلێدەکات لەناو خەڵکی دەوروبەریاندا قێزەون بن، ناتوانن هاوسەرێك بدۆزنەوە لەدەرەوەی کۆمەڵگەکەیان نەبێت. یەکێك لەسستەرە خەتەنە نەکراوەکان وتوویەتی حەزمدەکرد هەزار جار بمردمایە نەك بەقێزەونی بژیامایە! پێموایە ئێمە لەمیسر پێویستە قسەی زۆر سەبارەت بەمەترسی خەتەنەکردن بکەین تائەو حەزی لەیەکچوونە بشکێنین، هەردەبێت ئەم ئەڵقە دۆزەخییە لەسیاسەتی مێگەل بشکێنرێت کە شێوەیەك لەشادیی ساختە دروستدەکات، رەوتێك کە بەردوام بڕوات بە(ناتوانرێت لەرەی هەیە باشتربێتە کایەوە) پێبهێنن، خوێندن لەدەرەوەی پۆلە مەلەکە لەگەڵ ئەوەی شانازیی جیاوازیت دەداتێ، بەلام گەرموگوڕیی مێگەلت لەبیردەباتەوە، کچان و دایکانیش بڕوا بەم هەراوهوریایە دەهێنن، وایان پێباشترە لەحاڵەتی دیلی وەستان و خامۆشیدابن کە دەگاتە حاڵەتی بۆگەن بوون، وەك لەوەی ئازادانە بجولێن و بگۆڕێن و پێشبکەون.

## نەندامێکی مەلعون

کۆیلە لەبەرئەوەی تەنیا شتێکە یان پارچەیە لەموڵك ومالی دەرەبەگ، لەبەرئەوە مامەڵەکردن لەگەڵیدا بەهەمانشێوەی مامەڵەکردنە کە دەرەبەگ لەگەڵ شتەکانی خۆی یان کێڵگەکەی دەیکات، چۆن مانگاکان قەڵەو دەکات تا گۆشت و شیری زیاتر بدەن، کۆمەڵگەی کارتێکراو بەبیری کۆیلایەتی ژنەکانیان



خەتەنەدەکەن بۆ ئەوەی بۆ شووکردن ئامادەبن، یان بەشێوەیەکی تر بۆ ئەوەی بەدڵی خاوەنەکەی بێت کە ئەویش پیاوە، وەك ئەفسانەیەکی ئەفریقایی لەخێڵی (دوچون دەڵێت) "اما"ی خواوند قاپێکی پڕ لەقوڕی دۆزیەوەو فڕێیدا، لەو قاپە فڕێدراوەدا زەوی لەشێوەی ژنێکی لەسەرپشت کەوتوو دروستبوو، کاتێك (اما)بە نیازبوو چاوی بەم ژنە بکەوێت، ئەم ئەندامە مەلعونە ڕێی لێگرت، خواوەند بڕی تا بتوانێت بگاتە ئەو ژنە پاڵکەوتووە، هەتا ئێستا ئەم بیروباوەڕە بنەمای خەتەنەکردنە لەو خێڵەدا، ئەوان دەڵێن کچ کاتێك گەورەدەبێت دەبێت سەرچاوەی لەزەتی خۆی ببڕێت بۆ ئەرەی تەنها خۆی رازی نەکات و بەشێوێن پیاوو بەشوێن شوکردندا بگەڕێت، لەمەسەلەیەکی زۆر سەیردا هەندێ کۆمەڵگە هەیە لەکینیاو ئۆغەنداو خۆرئاوای ئەفریقا، کچ دەتوانێت لەدەرەوەی شووکردن و لەپیاوێکی تر منداڵی ببێت بەمەبەستی سەلماندنی توانای منداڵبوونی، پاشان دوامنداڵبوونەکەی خەتەنەدەکرێ بەمەبەستی ئامادەبوون بۆ شوکردن، نوێنەری لیژنەی ژنانی کینیا لەکۆنگرەی داکار لەساڵی ١٩٨٤دا ئاشکرای کرد کە کچە خەتەنەکراوەکان لەژوورێکدا دەمێنێتەوە یان بۆ ماوەی مانگێك لەدارستانە پیرۆزەکاندا دەمێنێتەوە تا برینەکەی چاکدەبێتەوە، لەو ماوەیەدا پیرەژنێك چاودێرییان دەکات و فێری چێزك و گۆرانی میللی و رۆڵی ژنی ماڵەودو..هتد دەکات، دوای هاتنەدرەوە لەم دابڕانە دەبنە خەڵکی ساغ و باش بۆ شووکردن، بەڵام لەمیسر پارچەیەك نووسراو هەیە کە لەلایەن کاهینێکی

میسری بەزمانی یۆنانی نووسراوە لەساڵی ١٦٣ پ .ز. تێیدا تەئکید لەپەیوەندیی نێوان خەتەنەکردن و شوکردن دەکاتەوە.

د.( سامی ئەلذیب) چیرۆکی (جمیس بروس)ی گەشتیاری سکۆتلەندی دەگێڕێتەوە سەبارەت بەهەوڵی مژدە بەخشییە کاسۆلیکەکان لەمیسر لەسەدەی حەڤدەدا کە ڕێگەیان نەداوە مێینەکانی لایەنگرانیان خەتەنە بکرێت، بەڵام پاشان لەم بۆچوونە پەشیمانبوونەوە، دوای ئەوەی پیاوان خواستنی ئافرەتانی کاسۆلیکی خەتەنە نەکراویان ڕەتکردەوە.

د. امال عبدالهادی لەدیراسەکەیدا لەگوندی (دیرال برشا)کە زۆرینەیان مەسیحیین دەڵێت: ئەمانە خەتەنەکردنی کچانیان نەهێشتبوو، زۆرینەی خەڵکەکە هاوکاریی ئەوانەی کچەکانیان خەتەنە نەکردبوو ڕەتدەکردەوە، هۆی ڕەتکردنەوەکەیان ئەوەبوو هەرکەسێك بۆ خۆی حوکمی ماڵەکەی خۆی دەکات، باوای دابنێین من ئامۆژگاریی دایکێکم کرد کە خەتەنەی کچەکەی نەکات، پاشان کچەکەی شووی نەکرد، هەڵوێستی من چیدەبێت؟

* شوونەکردن شتێکی ناخۆش دروستدەکات کە لەسەردەمی کۆیلایەتییەوە ماوەتەوەو مامەڵە لەگەڵ قەیرەدا وەك عەیبەو سەرچاوەی نەگبەتی دەکات، نەزۆکیی یەکێکە لەمەسەلە زۆر ناخۆشەکان، چونکە ژنان لەم کۆمەڵگەیانەدا دەواجنی منداڵن، هەر کەموکورتییەك لەم ئەرکەدا واتە سەرزەنشتکردنی درێژخایەنی ژنان، لەبەرئەوە هەندێك لەخێڵەکانی نایجیریا پێیانوایە (البظر) ئەندامێکی ترسناکەو ئازاری سەری منداڵ دەدات ئەگەر بەری



بکەوێت، لەوانەیە ئازاردانەکە بگاتە رادەی کوشتن، لەبەرئەوە ئەگەر ژنێك لەکچێنیدا خەتەنەکرابێت، کە سکی حەوت مانگ دەبێت خەتەنەی دەکەن، بیروباوەڕێکی تر لە(بۆرکینا فاسۆ) هەیە کە (البظری)ی ژن مێردەکەی بێ توانا دەکات لەڕووی سێکسەوەو لەکاتی سێکسدا دەمرێت، لەناوچەکانی ساحل العاجیش پێیانوایە ژنی خەتەنە نەکراو منداڵی نابێت، ئەفسانەیەك هەیە دەڵێت: زێی ئافرەت دانی هەیە زیان بەپیاو دەگەیەنێت، (بظر)یش دوا دانە تێیدا دەبێت دەربێت، هەندێ لەخێڵەکان پێیانوایە خەتەنەکردن هەلی منداڵبوون زیاد دەکات و کچی خەتەنە نەکراو هەندێ رژێن دەردەدات کە تۆوی پیاو دکوژێت، لەمیسر (ماری أسعد)و(حلمی عبدالسلام) باس لەئەسڵی ئەفسانە دەکەن لەپەیوەندیی خەتەنەکردن بەمنداڵبوونەوە، لەوانە چیرۆکێکە کە ئەو پارچەیەی لەژن دەکرێتەوە پێیدەڵێن: زیادە لەبەر مەترسییەکەی جگە لەبرینی ئەو زیادەیە هەندێ شتی زۆر هەیە کە میسرییەکان پێیانوایە رادەیەك بۆ مەترسی ئەو بەشە بڕاوە دادەنێت، وەك ئیلهامێکیش لەئەفسانەی بووکی نیل کە پێشتر باسکرا وا باوە ئەگەر هەرکەسێك زیادەکەی فڕێنەداتە نیلەوە ئەوە بۆ هەتاهەتاییە منداڵی نابێت، بێگومان نەزانینی زانستی تەشریح هاوکارە بۆ بڵاوبوونەوەی بەڵگەو وەهم کە خەتەنەکردن منداڵبوون ئاساندەکات، چونکە ئەوەی پێویستە لابرێت رێگە لەبەردەم منداڵەکەدا دەگرێت، هاوشانی ئەوەی کە خەتەنەکردن هەڵوەستەیەکە لەقۆناغی کۆمەڵگەی کۆیلایەتیداو ئەو پیسییەی



پەیوەستە بەئەندامی جەستەوەو دابەشکردنی جەستە بەسەر چەند توێژیکدا بەپێی پیس‌و پاکی، ئەمە هەمووی لەپاشماوەکانی تیڕوانینی دەرەبەگایەتییە بۆ جەستە، کە تێیدا جەستەی کۆیلە لەخاوەنەکەی جیایە، هەروەها ئەندامەکانی جەستەشی بەسەر ئەو ناوەی لەخەتەنەکردن نراوە (پاکبوونەوەیە)، لەسودان پێیانوایە کچی خەتەنە نەکراو پیسە، ناونانی کەسێك بەکوڕی خەتەنە نەکراو لەسودان بەجنێو حسابە وەك ئەوەی پێیوتری کوڕی قەحبە، پەیوەندیی نێوان خەتەنەکردن‌و پیسی لای خێڵە ئەفریقاییەکان پەیوەندییەکە بەتینە، هەندێ کەس نانی دەستی خەتەنە نەکراو ناخۆن، لەولاتی مالیدا تەنیا ئامادەکردنی خواردنەکشیان قبوول نییە، هەندێکی تر پێیانوایە (البظر) ژەهرێکی کوشندەیە، لەئۆغەندا ژنی خەتەنە نەکراو بەکچ دەزانن ژمارەی منداڵەکانی هەرچەندێك بێت، کوڕەکەی بەکوڕی کچ دەزانن‌و بێ کەرامەتە لەنێو کۆمەڵگەکەیدا، هیچ پلەوپاییەیەکی گرنگی نادرێتێ، رێگەش بەو ژنە نادرێ شیر بدۆشێت؛ چونکە نەگبەتی دەهێنێت، هەروەها مافی ئەوەی نییە لەئاوی خێزانەکەی ئاو بخواتەوە، یان بچێتە گەنجینە تۆو بۆ لێنان یان کشتوکاڵ بهێنێت، کاتێك مێردەکەی دەمرێت مافی ئەوەی نییە ئاو لەڕووبار یان لەبیر بهێنێت تا مێردەکەی بەخاك دەسپێردرێت، مەفاهیمی پیسی پەیوەستە بەپەرستنی (الطوطم)و مەفاهیمی مرۆڤی ئەشکەوتی یەکەم، کە نەیدەتوانی لەدیاردەکانی دەووروبەری تێبگات، ئەفسانەی بەدەوری خۆیدا دەچنی، لەوانە ئەفسانەی



پیسی، بەتایبەتی لەو شوێنەوەی کە کتوپڕ خوێنی سووری مانگانەی پێدا دێتەخوارێ، ئەوەی ئەم مرۆڤە بەخانەی پیسی داینـاوە وەك چارەسەرێك بۆ ئەقڵە کەمەکەیەتی.

## سەمای چاوپێکەوتنی سێکسی

جادو سروتەکان خاڵی بنەڕەتین لەخاڵەکانی پێکهێنانی کۆمەڵگەی کۆیلایەتی (البولنتین)ی ژمارەی ئەیلولی ١٩٩١، هەندێ لەو سروتانەی ئەفریقای خۆرئاوای کۆکردۆتەوە کە بەخێرایی دەمانباتەوە بۆ کەش‌وهەوای کۆمەڵگەی خێڵایەتی، کە کەمترین پەیڕەوە زانستییەکانیان لەبیرکردووەو شیکردنەوەی زانستی دیاردەکانی تێیدا نییە، جادوگەر شوێن‌و سرووت دیاریدەکات بۆ ئاهەنگی خەتەنەکردن‌و گۆرانی‌و سەما، تێیدا کچەکان پێشبڕکێی لەسەر گەڕان بەدوای داری پیرۆزدا دەکەن، ئەوەی دەیدۆزێتەوە زۆرترین داوای شوکردنی لێدەکرێت. لەخێڵی (ناندی) لەکاتی خەتەنەکردندا، ئاگری پیرۆز دادەگیرسێت لەنزیك دارێکی تایبەتەوە، ئەوەی هەڵدەسێتت بەئەنجامدانی خەتەنەکردنەکە، بەڕووەکێکی دڕکاوی شوێنی خەتەنەکە دەداتە بەر دڕك تاشوێنەکەی هەڵدەتۆقێ، پاشان بەکلپەیەك لەئاگر لەنێو گۆرانی‌و سەمای خێڵەکەدا داخیدەکەن، لەخێڵەکانی (اوبانجی)یش بێجگە لەمێردەکەی رێگە بەپیاو نادرێت بچێتە شوێنەکە، پیرەژنەکەی خەتەنەکە دەکات بەتوندی هەردوو رانی کچەکە دەکاتەوە، پاشان



(البظر)بە چەقۆیەك لێدەكرێتەوە، كچانی تر لەسەرەدا وەستاون و خێڵەكە بەهەلهەلەلێدان دەوریان داون، هەركەسێكیش لەكچەكان خەتەنەكردنەكەی تەواودەبێت پێویستە لەسەری سەمای چاوپێكەوتنی سێكیی بكات لەكاتێكدا خوێنی لێدەڕوا، لەتۆگۆش ئاهەنگی خەتەنەكردن بەڕۆیشتنی كچەكان بەڕووتی بەڕیز هەتا گەیشتن بەپەیكەری پیرۆز تەواودەبێت، لە(بذین) كچان لەسەر بەردێكی تەخت لەشێوەی بازنە دادەنشین و روویان لەدەرەوەیە، خەتەنەكەرەكەش لەناوەڕاستی بازنەكەدا دادەنشێت، بەردەكە دەسوڕێتەوە تا لەسەر یەكێك لەكچەكان دەوەستێت، ئینجا خەتەنەی دەكەن، پاشان یەكێكی تر ئەم سرووتە وەك تاقیكردنەوەیەك وایە خێڵەكە كچەكەی پێ تاقیدەكەنەوە.

كۆیلایەتی پێناسەی زەمەن یان شوێن نییە، بەڵام كۆمەڵێك بەهای ئەخلاقیی دیاریكراوە، تێڕوانینێكی تایبەتی بەسەرچووە هەمائاهەنگییەكی رەوشتییە گرنگیی بەپاراستنی دیمەنی دەرەوە دەدات، سزایەكی توندە لەسەر هەموو شتێك كە پەیوەستە بەخاوەن كۆیلەوە لەوانە ژن، بەڵگەش ئەوەیە كاتێك خەتەنەكردنی بەربەریی گەیشتە ئەوروپا كۆنترۆڵی هەستكردن بەپاك وخاوێنی (بیرۆتانی) چەرخی فیكتۆری بەسەرچوو كە نەزانینێكی پزیشكیشی لەگەڵدابوو، ئەم پێكهاتە دواكەوتووە دوو سەرەیە هاندەربوو بۆ تەبەنیكردنی خەتەنەكردن، هەروەها هاندەربوو بۆ بڵاوبوونەوەی هەندێ شیكردنەوەی پزیشكی كە لەنێوان نەخۆشییە ئەقڵی و دەروونییەكانی ئافرەت تووشی دەبێت لەگەڵ



ئەندامی زاوزێیدا بەیەکەوە ببەستێت، کە ئیدانەی ژن دەکات چونکە دیلی سروشتە بایۆلۆجیە ئەم دیواودیوەکانییەتی لەسکبوون و شیردانی منداڵ و سوڕی مانگانەو..هتد، ئەمەش لەتێڕوانینی خاوەنی ئەم شیکردنەوانەوە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی توانای هزریی و داڕمانی ئیرادەی وشیاریی و نەمانی توانای کۆنترۆلکردنی خودی خۆی.

لەکتێبی "هەڵوێستی پزیشکەکان لەخەتەنەکردنی مێینە"هەردوو نووسەر (امال عبدالهای)و (سهام عبدالسلام)باس لەداگیرکردنی ئەوروپا دەکەن لەخەتەنەکردن لەسەردەمی ڤیکتۆریادا لەساڵی (١٨٥٨)د.

اسحاق بیکەر براون خەتەنەکردنی ژنانی خستە بەریتانیاوە وەك شێوازێکی چارەسەرکردن بۆ نەخۆشییە دەروونیی و ئەقڵییەکان کە پێیوابوو ژنان بەهۆی کارتێکردنی حەزی سێکسییەوە تووشی دەبن بۆ چارەسەرکردن.

د. اسحاق هەڵدەستا بەلێکردنەوەی (البظر)و هەردوو قەراغی چووك وەك چارەسەرێك بۆ ئەو نەخۆشییانە، بەڵکو هەندێجاریش بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك تەلاق!! بەوەوە دەنازێ کە بەتەواوی بەمادەی مخدر بێ هۆشیان دەکات، ئەم بازدانە پیشەییەی (د. براون) وایلێکرد هەموو ناسنامە زانستییەکانی

لێسەندرێتەوەو لەکارەکەی دەربکرێت، لەساڵی ١٨٦٧ گۆڤارێکی پزیشکیی بەریتانی گۆتارێکی گرنگی بڵاوکردەوە تێیدا هۆکارەکانی رەتکردنەوەی کردەوەکانی (د. براونی) لەلایەن کۆمەڵگەی پزیشکییەوە ئاشکراکردبوو، گۆتارەکە دەڵێت: ئێمە کۆمەڵێ پزیشکانی پارێزەری بەرژەوەندییەکانی ئافرەتان، بەڵکو چاودێریکەری شەرەفیان، بەڕاستی ئێمە لایەنی بەهێزبووین ئەوانیش لایەنی لاواز، ئەوانی ناچارن ئێمە هەرچی بڵێین بڕوای پێبکەن، چونکە ئەوان لەبارودۆخێکدا نین رێگەیان پێبدرێت گفتوگۆمان لەگەڵدا بکەن، لەبەرئەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەوان دەکەونە ژێر رەحمەتی ئێمەوە، لەچوارچێوەی ئەم بارودۆخەدا ئەگەر بیروباوەڕەی شەرەفمان وەلاناو نەخۆشەکانمان هەڵخەڵەتان یان بەشێوەیەك لەشێوەکان ئازارمان پێگەیاندن، ئەوا ئێمە مافی ئەوەمان نییە پەیوەندیمان بەپیشە جوانەکەمانەوە هەبێت، لەهەمووی سەیرتر ئەوەیە کە (فرینون کولیمان) لەکتێبی (مشاکل النساء)دا نووسیویەتی کە خەتەنەکردن بۆ چارەسەرکردنی ئارەق کردنەوەی لەپی دەستی کچان بەکارهاتووە کە لەکارگەکانی خوریی لەسەر مەکینەی خەیاتی کاریاندەکردو قاچ ئیشی دەکرد، بیانووەکەش ئەوەبوو ئەو جووتەیەی دەیانکرد دەبووە هۆی



لـەرزاندنی رانیـان بەهەمیشـەیی و بەریەکترکـەوتنیان حـەزێکی سێکسی وای دروستدەکرد کە بەرگەی نەدەگیرا!!

لەمیسر هەندێ کەس تەبەنی ئەم بۆچوونەیان کرد یان لەوە توندتر بـۆ پشـتیوانیکردن لەخەتەنـەکردن، دەیـانگوت: بەرکـەوتنی جل وبەرگ و ختووکـەدانی (البظـر) لەوانەیـە کچەکـە بوروژێنێـت، لەبەرئەوە خەتەنەکردنیان باشترە!!.

لەکۆتایی ئەم خوێندنەوە مێژووییەدا دەڵێین ئێمە لەخەتەنەکردندا دەڵێین بەخێربێیت کۆیلایەتی، خوات لەگەڵ ئازادیی وعەقڵ، ئەگەر حەزیشمان کرد لەم ئەشکەوتە تاریکە بچینەدەرەوە بۆ گۆڕەپانێکی روناك، پێویستە لەسەرمان دان بەوەدا بنێین کە جەستەمان موڵکی خۆمانـەو سـەرچاوەی خۆشـیمانە، نـەك جـامی شـەڕو هەڵـەو زەلیلیمانـەو رێگـەی نـەدەین هیـچ شـوێنێکی لێبکرێتـەوە وەك خەتەنەکردن، کـە لـەپاشماوەکانی کۆیلایەتییـە کـە تائێسـتاش بەداخـەوە هـەندێجار بەوپـەڕی ئیرادەی خۆمانـەوە بـەرەو پـیری دەچین.





# بەشی دووەم

## میسر ژمارەی پێوانەیی هەیە لەخەتەنەکردندا





## خەتەنەکردن

### خوێندنەوەیەکی جیۆپۆلۆتیکی و سەرژمێری:

هەستم بەعەیبە دەکرد، کاتێك دابەشبوونە جیۆپۆلۆتیکی و ژمارەی سەرژمێرییەکانی تێکرای خەتەنەکردنەکانی مێینەم لەم جیهاندا دەخوێندەوە.. وڵاتی میسر لەنێو دەوڵەتانی تردا زۆرترین ژمارەی ئەو مێینانەی تێیدایە کە رووبەرووی ئەو کردەوە درندانەیە دەبنەوە! کەس بڕوا دەکات (میسر) کە لانکەی شارستانیی و مێژووە بەم درندایەتییە پارچەیەك لەجەستەی کچەکانی بکاتەوە؟!. بڕوا دەکرێ میسر کە هەموو ئایین و کلتوورو بیرۆکەکان و بەهاکانی لەباوەش گرتووە ناتوانێت کچەکانی لەباوەش بگرێت و لەلێکردنەوەی ئەندامی زاووزێ بیانپارێزێت؟ کێ بڕوا دەکات کە وڵاتی میسر بنێشتە خۆشەی سەر زاری هەموو کۆنگرە زانستییەکانە کە بۆ ئیدانەی خەتەنەکردن دەبەسترێ؟ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سەرسامن لەوەی تائێستا لەمیسر خەڵکیی کچەکانیان راپێچ دەکەن و دەیانبەن بۆ ئەو شوێنانەی خەیاڵە نەخۆشەکانیان بڕوایان پێدەهێنێت کە ئەو مەسەلەیە پارێزگاریی لەشەرەفیان دەکات. دەچێتە ئەقڵی کێوە کە لەسەردەمی کۆمپیوتەرو ئەندازەی ویراسەدا خەڵك هەبێت بڕواتە لای سەرتاشی تەندروستی و مامان، ناقێزەوەنترین نەشتەرگەریی



لەمێژوودا بۆ کچەکەی بکات؟ کێ بڕوا دەکات دوای ئەو هەموو ساڵە لەهێرشکردنە سەر خەتەنەکردن، تائێستا میسر لەپیزی پێشەوەی ئەو دەوڵەتانەدایە کە تەبەنی ئەو دواکەوتووییە دەکەن؟ بەڵام ئەوەی روویداوە ئەوەیە کە ئەفسانە بۆتە گونجاو، جادوو بۆتە زانست، کچیش بۆتە قوربانی ئەو جاڵجاڵۆکەیەی کە ماڵەکەی لەئەقڵەکاندا چنیووەو ئەقڵییان بۆتە ئەشکەوتو وێرانە، ژمارەکان زۆرجار سەرسامی دروستدەکەن، بەڵام هەمیشە گلۆپێکن کە رێگاکان روونەدەکەنەوە، ئەویش هەندێجار دڵەڕاوکێیە، بەڵام دڵەڕاوکێیەك کە ئەقڵ دەوروژێنێت بۆئەوەی چارەسەرێك بدۆزێتەوە، لێم ببوورن کە لەم بەشەدا ئەم هەموو ژمارەیە هەیە، بەڵام ژمارەکان راستن لەکتێبەکان، لەکۆنگرەی چواری لێکردنەوەی ئەندامی زاوزێ کە لەساڵی ١٩٩٦دا لەسویسرا بەسترا ئەم ژمارە ترسناکانە لەجیهاندا دەرکەوت، لەجیهاندا ساڵانە نزیکەی ٢ملێون منداڵی کچ خەتەنەدەکرێت، واتە لەمانگێکدا ٥٤٨٠و لەڕۆژێکدا ٥٥٨و لەیەك سەعاتدا ٣,٨ کچ لەیەك دەقیقەدا. رێژەی کچە خەتەنەکراوەکان لەجیهاندا (٥٪) واتە (١٠٠)ملیۆن مێینە! رێکخراوی تەندروستی جیهانیی لەساڵەکانی ١٩٩٤و ١٩٩٦و١٩٩٨دا ژمارەی جیاوازییان سەبارەت بەژمارەی ژنە خەتەنەکراوەکان لەهەندێ وڵات کە خەتەنەی مێینەی تێیدا دەکرێت بڵاوکردەوە بەمشێوەیە:



| ژمارەی ئافرەتە خەتەنەکراوەکان | ناوی دەوڵەت |
|---|---|
| ١,٣٦٥,٠٠٠ | بنین |
| ٣,٦٥٦,٨٠٠ | بۆرکینا فاسۆ |
| ١,٣٣٦,٨٠٠ | کامیرۆن |
| ٧٥٩,٨١٠ | ناوەڕاستی ئەفریقا |
| ١,٩٢٣,٠٠٠ | چاد |
| ٣,٠٤٨,٢٧٠ | ساحل العاج |
| ٢٤٨,٩٢٠ | جیبۆتی |
| ٢٧,٩٠٥,٩٣٠ | میسر |
| ١,٠٩٩,٣٠٠ | ئەریتریا |
| ٢٤,٧٢٣,٩٥٠ | حەبەشە |
| ٣٩٦,٨٠٠ | گامبیا |
| ٢,٦٣٥,٢٠٠ | غانا |
| ٦,٩٦٧,٥٠٠ | کینیا |
| ١٢,٨١٦,٥٠٠ | سودان |

لەو نەخشەیەی پیشتوودا بۆمان بەردەکەوێت کە وڵاتی میسر زۆر لەپێشەوەیە، پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەژمارەی ئەو کچانەی لەسەر ئاستی جیهان خەتەنەکراون، لەوانەیە هەندێ کەس بڵێ: بۆچی ژمارەکان بەرێژەی ژمارەی دانیشتوان نەکراون و بەژمارەی فیعلی نین؟ ئەمە تێبینییەکی باشە، بەڵام ژمارەکە هەر بەزۆری



دەمێنێتـەوە بـە بـەراورد لەبـەهای میسـری شارسـتانیی زوڵمێـك دەبێـت ئەگـەر بخرێتـە نـاو كۆمـەڵێك دەوڵەتـەوە كـە لـەڕووی مێژووییەوە لەو كەمترین‌و بەمشێوازە ناشیرینەوە لەپێشەوەبێت، بەڵام چی بكەین؟ ئەمـەمان بەدەستی خۆمـان دروستكردووە، كـێ ئەم تابلۆ خوێناوییەی دروستكردووە، خۆمان نەك داگیركەر، هـەتا دواناوی ئەم لیستە كە زۆر مێشكی هیلاك كردووین‌و لەهەقەكانی رەفتـاری خۆمـان چاوپۆشـیمان كـردووە، كـە پێویسـتە لەناخـەوە بگۆڕێین بەتایبەتی لەمامەڵەكردنماندا لەگەڵ ژن، تێبینـی دەكـەین كـە لەخشـتەكەدا هـەموو ئـەو وڵاتانـەی ناویـان هـاتووە دەكەونـە ئەفریقاوە، لەگـەڵ ئـەوەی دەوڵـەتی تریش هەیە كـە خەتەنەكردنی تێـدا دەكرێـت وەك ئەندەنوسـیا‌و مالیزیـا‌و پاكسـتان‌و موسـڵمانەكانی هنـدو هـەندێ لەناوچـەكانی یەمـەن‌و عوممـان‌و كەمێكیش كە تائێستا لـەئیمارات پیادەی دەكەن، دەتوانین بڵێـن ئێسـتا ئـەركی سەرشـانمانە لـەڕێكخراوی تەندروسـتی جیـهانیی سەرژمێرییەكی نوێ داوا بكـەین كە مامەڵە لەگـەڵ ئـەو دیاردەیـە بكات بەشێوەیەكی قوڵترو بەرفراوانتر، تێبینـی سێیەم ژمارەی ئـەو وڵاتـە عەرەبییانـەی خەتەنـەی تێیدا دەكرێت كەمـەو تـەنیا میسـرو سودان‌و ئەریتریایە، ئەو وڵاتانەی كە تێیدا خەتەنەكردن دیاردەیە نـەك حاڵـەتی فـەردی، دەوڵـەتانی تـری ئیسـلامی وەك سـعودیە‌و



عێراق و مەغریب و لیبیا و سوریایە، هەندێ دەوڵەتی ئیسلامی هەیە خەتەنەکردن بەهیچ شێوەیەك نازانێت وەك تورکیا و ئێران، ئەمە جارێکی تر دەیسەلمێنێت کە رەگی ئەم دیاردەیە عەرەب یان ئیسلام نییە، ئەوەی دەیسەلمێنێت کە پێویستە بەم سەرژمێرییانەدا بچینەوە وتەکەی د. سامی ئەلذیب- (کە خەتەنەکردن تەنیا ماڵ نییە لەسەر کیشوەری ئەفریقا) ئەم نەریتە پێشتر لەئەوروپا و ئەمریکاش هەبووە، بەڵام من دەمەوێت ئەم خاڵە بۆ د. سامی شیبکەمەوە و دەڵێم (استسناء یؤکد القاعدة) بەو مانای کۆچکردنی عەقڵی عەرەب لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بەمەبەستی هەستکردنی بەجیاوازیی و شانازیکردن بەو جیاوازییەوە وایکردووە زۆرجار ئەو عەرەبانەی کە نەیانزانیوە خەتەنە چییە کە چوونەتە غەریبایەتی بۆ سەلماندنی (موحافزکاری خۆیان)کچەکانیان خەتەنەکردووە، هەروەك ئەوەی جەزائیرییەکان کردیان کاتێ چوونە ئەڵمانیا لەگەڵ ئەوەی جەزائیر زۆر بەکەمیی خەتەنەی کچی کردووە.

## هەڵە و هەڵەکردن یان هەڵە و گوناه

دەبوایە سەرژمێرییە جیهانییەکان و دابەشبوونە جوگرافییەکانی خەتەنەکردن پێش ئەوەی بگوێزرێتەوە بۆ میسر بەو سیفەتەی کە خاوەنی ژمارەی پێوانەییە بەداخەوە لەهەندێ وڵاتی تری جیهان



بخرایەتـەڕوو، ئـەوەی سـەیرە گفتوگۆکردنـی ئـەم دیاردەیـە دوای ڕووداوێکـی بـەناوبانگ بـوو ئـەویش نیشـاندانی خەتەنـەکردنی کچێکـی تەمـەن (١٠)سـاڵان بـوو لەلایـەن سەرتاشـێکی تەندروسـتییەوە لـەقاهیرە کـە لـە(٧)ی ئـەیلولی (١٩٩٤)کـەناڵی (CNN)پەخشی کرد.

وەك ئەوە وایە ئێمە بەخەبەر نەیەینەوە تاخۆرئاوا باسمان نەکاتو ڕووناکی نەخاتە سەرمانو بەعەدەسەی زووم وێنـەمان نـەگرێت، بێگومان دنیا خرۆشاو ڕاستییەکە لەناو بەرگرییکردنمان لـەوەی ئەمـە حاڵـەتێکی فەردییـە ونبـوو، هێرشـکردنمان بـۆ سـەر دروسـتکەرانی فیلمەکـەو تاوانبارکردنیـان بەنیـەتی خـراپو ڕاوکردنـی ئـەو جەشـنە شـتانە بـۆ وێنـەکردنمان وەك دواکـەوتوو درندە زۆر پـەرەی سەند، بەڵام ڕاسـتییەکە لای مـن ئاوایـە ئەگـەر ئەوان هەڵەبن ئەوا ئێمە هەڵەمان کـردووە بەوەی ڕێگـە دەدەیـن کـە تائێستا خەتەنەکردن پیادەبکرێ، بەڕاستی هەڵەیە چونکـە ئێمـە بەبەدواچوونماندا بـۆ سـەرژمێرییەکان کـە ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیـهانیی دەریکـردووە پەرەسـەندنی ئـەم دیاردەیـەمان بـۆ ئاشکرادەبێت لەمیسر کە لەهەڵئاوساندایە، لەوانەیە هەڵئاوسانەکە بـەهۆی وردی زانیارییەکانـەوە بێـت کـە سـاڵ لـەدوای سـاڵ بەردەستدەکەون نـەك بـەهۆی ژمـارەی خەتەنەکراوەکانـەوە، بـەڵام لەهـەموو حاڵەتـەکاندا ژمارەکـە زۆرو گرانـەو نـاکرێت چـاو



لەکاردانەوەکانی بپۆشریّت لەجیهاندا، لەسالّی ١٩٩٤ ژمارەی خەتەنەکراوەکان (٥٠٪)بوو واتە (١٣,٦٢٥,٠٠٠)ژن. پاشان لەسالّی ١٩٩٦ژمارەکە گەیشتە ٨٠٪ واتە (٢٤,٧١٠,٠٠٠)ژن، پاشان گەیشتە ئەو ژمارەیەی لەنەخشەکەدابوو کە لە ٢٧ملیّون زیاترە بەرِیّژەی ٩٠٪، ئەوەی سەیرە لەم کارەدا لەگەلّ ئەم بلاّوبوونەوە ترسناکەدا هیچ کام لە (رفاعة الطنطاوی)و (قاسم امین)کە هەردووکیان لەبواری بەریگریکردن لەژنان کاردەکەن باسی هیچیان نەکردووە، پیّموایە بلاّوبوونەوەی خەتەنەکردن و پیّشینەی ئاییینی کە پشتی پیّدەبەسترا بەربەستیّکی گەورەیان لەبەردەم گفتووگۆی ئەم دوو بەرگریکارەدا دروستکردبیّت کە پیّیانوابوو بەراستی پیّویستییەکی بایۆلۆژییە لەگەلّ پیّویستی ئایینیی، بیانوشیان ئەوەبوو کە بواری پزیشکی لەقۆناغیّکی دواکەوتوودایە بۆ گفتووگۆکردن لەسەر ئەم مەسەلانە، بەلاّم ئەوەی تیّیدا لیّیان نابوورم ئەوان تەماشای ئەو پیّشیّلکارییە جەستەیی و دەروونییەیان نەکردووە کە خەتەنەکردن دروستی دەکات و پرسیاریان لەچارەسەرەکەی نەکردووە لەگەلّ ئەوەی خویّنیان دەبینی کە لەکچی میسری دەرِژیت، ئەو کچەی دەیویست لەکویّریی کۆمەلاّیەتی رزگاربیّت، کە ئەقلّەکانی داپۆشیووە.

لەکۆنترین دیراسە مەیدانییەکاندا کە گرنگیی بەخەتەنەکردن داوە لەمیسر دیراسەی د. محەمەد کەریم-ی مامۆستای نەخۆشییەکانی



ژنـــان و لەدایکبوونـــە لـــەزانکۆی( عـــین الشـــمس) لەســـاڵی ١٩٦٥دیراسەکەی لەسەر چەند خانمێکی یانەی قاهیرە ئەنجامداوە کە ژمارەیان (٢٠٠)خانم بووە، ئەوکاتە ئەنجامەکان وادەرکەوتن کە (٤٧٪) لەوانــە خەتەنــەکراون، هــەمان مامۆســتا لەســاڵی ١٩٩٤دا بەهـــەمان ژمـــارەو لەهـــەمان یانـــەدا دیراســـەیەکی مـــەیدانی ئەنجامدایەوە، دەرکەوت ٩٨٪ لەوانە خەتەنەکراون.

د.کەریم رێژەی بەرزبوونەوەی ژمارەکانی گێڕایەوە بۆ توێژینەوەی دووەم کە پشتی بەپشکنینی پزیشکی بەستووە، نەك بەزارەکیی وەك توێژینەوەکەی یەکەم کە تێیدا ژنان ئەو مەسەلەیەیان باس نەکردووە، ئەویش لەبەرئەوەی شەرمیان کردووە یان لەبەرئـەوەی نەیخواستووە هەر هیچ باس بکەن، لەتوێژینـەوەکانی یانـەوە بـۆ توێژینـــەوەکانی کۆلێـــژی پزیشـــکی، بەهـــەمان مامۆســـتا دەستپێدەکەین کە پێموایە ئەو مەسەلەی خەتەنەکردنی کردۆتـە مەســـەلەیەکی شەخســـی، بۆیـــە چـــەندینجار بەئـــەنجامی توێژینـەوەکانیدا چۆتـەوە، تابگاتـە ژمارەی راسـتی، توێژینەوەکـە لەرۆژنامـــەی المصـــوری ژمـــارەی ئەکتۆبـــەری ســـاڵی ١٩٩٤دا بڵاوبۆتەوە، توێژینەوەکەی لەسەر ئەو کچانە کردووە کە سەردانی عیـادەی پزیشـکی دەرەوەی عین الشـمس یـان کـردووە لـە ئـابی ١٩٩٤داو ژمارەیـان ٨٠٠منداڵـی کـچ بـووە لەتەمـەتی ٦-١٤سـاڵ. لەتوێژینەوەکـــەدا چـــاودێریی جیـــاوازیی ئاســـتی خوێنـــدن و کۆمەڵایـــەتی کـــراوە، لـــەناویاندا ١٠٪ لەقبتییـــەکانن، لەخێزانـــە مامناوەندەکـان لـە١٧٪ لەخێزانـە دەوڵەمەندەکان لـە١٥٪، بەئاسـتی



خوێندەواریی دایك و باوكەوە دەركەوتووە كە نەخوێندەواریی دایك و باوك ئاستی خەتەنەكردن لەخێزانەكاندا بەڕێژەی ٩٦٪ بەرزدەكاتەوەو ڕێژەی دایك و باوكە خوێندەوارەكان دەگاتە ٨٠٪ و لای خاوەن خوێندنە باڵاكان ١٠٪، كاتێك تۆێژەرەوەكە ئاستی ئابووریی و زانستیی تێكەڵكرد، ڕێژەی ڕازیبوون لەسەر خەتەنەكردن بەمشێوەیەبوو:

| | |
|---|---|
| دایك و باوكی هەژارو نەخوێندەوار | ٪٩٩ |
| هەژار+خوێندنی بنەڕەتیی | ٪٩٦ |
| هەژار+خوێندنی باڵا | ٪١٢ |
| خاوەن داهاتی مامناوەند+نەخوێندەواریی | ٪٦٣ |
| خاوەن داهاتی مامناوەند+خوێندنی باڵا | ٪٥ |
| دەوڵەمەندیی+نەخوێندەواریی | ٪٣٥ |
| دەوڵەمەندیی+خوێندنی باڵا | ٪٠ |

لەم دیراسەیەدا هەتا ئەگەر لەگەڵ هەندێ ڕێژەو ئاستی ژمارەی وەرگیراو كۆك نەبین، دەگەینە دەرەنجامێكی گرنگ كە ئەویش ئەوەیە: خوێندەواریی و ڕۆشنبیریی دوو حاڵەتی گرنگن كە ڕێگە لەخەتەنەكردن دەگرن، بەڵام لەمەسەلەی هەژاریی و دەوڵەمەندیی گرنگتر بۆ قەڵاچۆكردنی ئەم دیاردەیە گرتنەبەری ڕێگەی باڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیریی و خوێندەواریی و هۆشیارییە. دیراسەكەی پێشوو سەلماندی كە (٤٨٪) خەتەنەكردن لەڕێگەی مامانەوە ئەنجامدەدرێت بەرامبەر ٤٦٪ لەڕێگەی پزیشكەوەو ٦٪



لەڕێگـــەی سەرتاشـــەکانی تەندروســـتییەوە، ئەمـــەش ئـــەوە دەسەلمێنێت کە پزیشکەکان هەتا ئێستا بەشداریی لەم تاوانەدا دەکەن، ئەمە دوای کۆتاییهاتن بەخستنەڕووی سەرژمێرییەکانی میسر لەهەمان کۆلێژی پێشوودا بەوردی باس دەکەین.

د. ماهیر مەهران لەکۆلێژی پزیشکی عین الشمس و مامۆستای ژنان و لەدایکبوون و وەزیرو سەرپەرشتیاری پێشووتری پرۆژەی ڕێکخستنی خێزان، ساڵی ١٩٧٩پشکنینی بۆ ٢٠٠٠لەو ژنانە ئەنجامدا کە سەردانی عیادەی نەخۆشییەکانی ژنانی کۆلێژەکەیان دەکرد کە هەموویان لەتەمەنی منداڵ خستنەوەدابوون، بۆی دەرکەوت کە لە٩٥٪ لەو ژنانە خەتەنەکراون، کە بەزۆرترین نەشتەرگەریی نوێ لەمیسر دانراوە، لەدیراسەیەکی مەیدانیی تردا کە وەزارەتی تەندروستی ئەنجامیداوە وەك ڕوپێوکردنێکی تەندروستی رابوو لەماوەی دووساڵداو بەسەرۆکایەتی د. فاتمە الزناتی مامۆستای کۆلێژی سیاسەت و ئابووریی بەڕێوەچوو.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەدرێژایی دوو ساڵ ئەنجامدراوەو، سەرجەم پارێزگاکانی وڵاتی میسری گرتەوە، نەك تەنیا یەك شار یان یەك عیادەی دەرەکیی وەك دوو دیراسەکەی پێشوو، ئەم دیراسەیە ئاشکرای کرد کە ڕێژەی خەتەنەکردن لەمیسر دەگاتە لە٩٧٪، ئەم ڕێژەیە دابەشدەبێت



بەسەر لە٩٥,٥٪ لەگوندو لە٩٤٪ لە شارو نزیکەی لە٨٢٪ لەو ژنانەی کە تائێستا پشتیوانیی لەخەتەنەکردن دەکەن، لە٩١٪یان لەگوندو لە٧٠٪ لەشارەکانە، ئەنجامەکە ئەوەشی ئاشکراکرد کە رێژەی ئەو ژنانەی پشتیوانیی لەخەتەنەکردن دەکەن نەخوێندەوارن و لە ٩٣٪ی ئەم رێژەیە بۆلە ٥٧٪ نزمدەبێتەوە لای ئەو ژنانەی بڕوانامەی دواناوەندیی یان پلەی بەرزتریان هەیە.





هۆیـەکانی کـە باسـکراون بـۆ پشـتیگیریکردن لەخەتەنـەکردن، بەمشێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| ٪٥٨,٣ | نەریتێکی باشە |
| ٪٣٠,٨ | داوایەکی ئایینیە |
| ٪٣٦,١ | پاك‌وخاوێنی |
| ٪٨,٩ | توانای زیاتر بۆ شووکردن |
| ٪٣,٨ | لەزەتی زیاتر بۆ پیاوان |
| ٪٩,١ | پارێزگاریی لەکچێنی دەکات |
| ٪٥,٦ | لەزیناکردن دەیپارێزێت |
| ٪٥,٩ | هۆکاری تر |

هۆکارەکانی کە دژی خەتەنەکردنی مێینە باسکران، بەمشێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| ٪٣٧,٨ | نەریتێکی خراپە |
| ٪٢٩,٨ | پێچەوانەی ئایین |
| ٪٤٥,٨ | دەبێتە مایەی پشێوی پزیشکی |
| ٪٢٧,٣ | ئەزموونێکی خودی ئازاراوییە |
| ٪١٢,١ | دژی کەرامەتی ژنە |
| ٪١٩,٦ | رێگە لە لەزەتی سێکسی دەگرێت |
| ٪٥,٩ | هۆکاری تر |



هەروەها دیراسەکە سەلماندویەتی کە لە٧٤٪ لەژنان پێیانوایە پیاوان ژنی خەتەنەکراویان پێباشترە، لە٧٢٪ لەژنان پێیانوایە خەتەنەکردن بەشێکی گرنگی نەریتی ئاینییە، لە٤١٪ پێیانوایە خەتەنەکردن رێگرە لەڕوودانی زینا.

## پێویستە کچ خاوێن بێتەوە کە گەورە دەبێت

لەدیراسە مەیدانییەکانی بابەتی رۆژنامەگەریی ئەگەرچی ژمارەکان تێیدا دیارنییە، بەڵام گرنگیی خۆی هەیە لەزانینی ئەو هۆکارانەی وا دەکات کۆمەڵگەی میسر پەیوەستی ئەم نەریتە بێت، (بثینە البیلي) رۆژنامەنووس لەلێکۆڵینەوەیەکی رۆژنامەنووسیدا لەگۆڤاری (المصور) ژمارەی رۆژی ١٩٩٤،٩،٢٣دا ئەم هەوڵەی داوە، لەرێی وەڵامە ئاسانەکانی گەڕەکی (الامام الشافعی) لەقاهیرە بیانووەکانی ئەم نەریتە ناشیرینە دەزانین، لەکاتی پرسیاری رۆژمامەنووسەکەدا بۆ یەکێك لەژنەکان سەبارەت بەشوێنی تەندروستی تایبەت بەخەتەنەکردن، ژنەکە پێیدەڵێت: بۆ کچێکت هەیە دەتەوێت خاوێنی کەیتەوە؟ دەڵێت لێرە لەگەڕەکی (الامام الشافعی) رۆژانی هەینی خاوێنکردنەوەی کچان بەکۆمەڵ دەکەین، هەروەها دەڵێت: من لەگەڵ خاوێنکردنەوەی کچاندام بەڵگەش ئەوەیە کە خوای گەورە خاوێنەکانی خۆشدەوێت زۆر بەتوندیی بەرگریکرد کاتێك رۆژنامەنووسەکە هەوڵیدا مانای راستەقینەی خاوێنی بۆ ئاشکرا بکاتو وتی: بۆ ئێمە بیانین، ژنە بیانییەکان



بەرەلان، ئێمە موسڵمانین، من هەردوو کچەکەم لەدوو هەفتەدا خاوێن کردەوە، پێویستە کچ خاوێن بکرێتەوە کە گەورە دەبێت، چونکە وەك کوڕ نییە، من خۆشم لای هەمان سەرتاش خۆم خاوێن کردۆتەوە چونکە زیرەکە، لەباوك وباپیرییەوە دەیناسین، کە داوای دەکەین هەتا ماڵەوە دێت، ژنێکی وردەواڵەفرۆش کە بۆنی ئەوەی کرد رۆژنامەنووسەکە دژی خەتەنەکردن لەقسەکانیدایە، یەخەی دەگرێت و پێیدەڵێت: ئێوە بۆچی دەتانەوێت کچان خاوێن نەکرێنەوە؟ لای ئێمە لەگوندەکەمان ئەوە مەسەلەیەکی زۆر عەیبەیە، ئەگەر زاوا چووە لای ژنەکەی و بینی خاوێن نەکراوەتەوە دەستبەجێ مامان بانگ دەکات، خاوێنکردنەوە شەرەفی کچان دەپارێزێت، دەتەوێ رێگەیان بدەیت هەروا بڕۆن!!!.

بێگومان کۆمەڵگە رێگە نادات کچان هەروا بڕۆن، بەخێرایی لەقژەوە رایاندەکێشن بۆ ئەو شوێنەی ئەرکی قوربانی خەتەنەکردنی تێدا جێبەجێدەکەن، بەکورتی بەم وشە سادانە ژنەکان بەسادەیی لۆژیکی کۆمەڵگە لەپیادەکردنی خەتەنەکردن دەخەنەڕوو، خەتەنەکردن ئەرکێکی ئایینییە تا کچەکان وەك کچە ئەوروپییەکان دەرنەچن، ئەم تێگەشتنە کە سلیمان فیاض لەڕۆمانی "اصوات" پێیگەیشتووە کە پێشتر باسمانکرد، هەروەها بۆئەوەی پیاوان لێیان رازیبن تا لەشەرەفی مۆرکراویان دڵنیابنەوە، لەکۆتاییدا بۆ پاراستنی شەرەفی کچانە.



## خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆژیانە بۆ خەتەنەکردن

خەتەنەکردنی کچان ئەم کەشە خوێناوییەی بەسەربڕینی کچەکانمان ئاهەنگی بۆ دەگێڕین، زۆرجار کەس وکار بەکاغەزی سیلۆفانی ناسك و ڕەنگاوڕەنگ دەیپێچنەوە تا پێشکەشی بکەن و بەهانە بۆ کچە سەربڕاوەکە بهێننەوە، ئەم کاغەزە یان ئەوەتا لەشێوەی ئەرکی ئایینیدا دەبێت یان پێداویستی کۆمەڵایەتی یان نەریت دەبێت، کاتێك کچەکە کاغەزە سیلۆفانەکە دەکاتەوە تا شیرینییە ژەهراوییەکەی ناوی بخوات، زۆرزوو بڕی ئەو فێڵە دەزانێت کە کەس وکاری بۆیان دروستکردبوو، هەروەها قووڵایی ئەو داوایەی تێیان فڕیداوە، بۆی دەردەکەوێت مەسەلەکە لەگرێی دەروونیی بەولاوە هیچی ترنییە، کە کەس وکار پێش کچەکە تێیدا نغرۆ دەبن و ڕێگە بۆ کچەکە خۆشدەکەن تاهەموو ئەو گرێی وکێشانە بەمیرات وەرگرێت، ئەمانە هەموی بەدڵێکی ساردو هەستێکی بەستوو ئەنجامدەدرێت، وەك ئەوەی لەتۆڕێکی مافیادا بین کە نەزانین سەری گوریسەکە لەکوێیە و کۆتاییەکەی لەکوێیە.

## عایشەی قەندیشە

ئەم سیناریۆی خەتەنەکردنە کردەوەی ئەو گروپە ئایینییەی مەغریبی بیرهێنامەوە کە دەکێشن بەسەردا تا خوێنی لێدێت، ئەویش لەو بڕوایەوە کە جنۆکەو ڕۆحە شەڕانگێزەکانی لێوە دەربچێت، ئەم گروپە بڕوایان بەبوونی جنۆکەیەکی شەڕانگێز هەیە



که ناوی عایشەی قەندیشییە، دەتوانێ هەموو ئەوانە بکوژێت کە بێگوێی دەکەن، فەرمان بەلایەنگرەکانی دەکات ئەو قەسابخانەیە دروستبکەن وەك تینوییەك بۆ خوێن، گرێ دەروونییەکانمان وەك عایشە قەندیشیەکەی تایبەت بەخۆمان وایە، یەکەمین رەگەزەکانی شیکردنەوەی دەروونیی بۆ خەتەنەکردن دیمەنێکە لەدیمەنەکانی بالاْدەستی نێرینە بەسەر ژناندا، هەروەها ژنان بەسەر ژناندا. هەروەها خولیای گەڕانی پیاو بەشوێن ئامرازەکانی بەهێزکردنی سێکسیدا لەخواردنەکانی ددریارە تاددگاتە ڤیاگرا بەهەموو جۆری مادده وزە بەخشەکانیشەوە، هەروەها ددگەڕێت بەشوێن کپکردنی حەزی ژندا بەتایبەتی ئەگەر جیاوازییەکی زۆری تەمەن هەبوو، بێگرمان ئاسانترین و سەرکەوتروترین شێواز خەتەنەکردنە، لەبەرئەرە (د. کامیلیا عەبدولفەتاح) پێشنیاردەکات کە گرنگترین ردگەزەکانی قەلاْچۆکردنی خەتەنەکردنی مێینە، قەلاْچۆکردنی فرەژنیی و سستمی زەواجە بەجیاوازییەکی زۆری تەمەنی نێوان پیاووژنەکە.

د.کامیلیا عەبدولفەتاح دەڵێت: مانای خەتەنەکردن لای چینە هەژارەکان پەیوەستە بەپارێزکردنی پیاو شانبەشانی پەیرەستبوونی بەپاك‌وخاوێنی و هەڵنەچوونی سێکسی، کچی بچروك ناچار دەکرێت، خەتەنەبکرێت، بەڵکو پێشی خۆشە لەبەرئەردی خەڵك رازیدەکات و داوایەکی سەردکیی پیاوە کە وەك بلاْوە پیاو زۆر دڵخۆشە بەو شتە، خەتەنەکردنی کچ یەکێکە لەو خالاْنەی کە بێ ئەرد ودك ژن قبوڵکرار نییە.

بەڵام ئەوەی زۆر سەرسامیکردم ئەو ئەنجامی توێژینەوەیەبوو کە د. سهام عبدولسەلامو د. ئامال عەبدولهادی لەژێر ناونیشانی (موقف الاطباء من ختان الإناث) نووسیویانە، گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە ئەوانەی توێژینەوەکەیان لەسەر کردوون پزیشکن، ئەوان کە لەهەموو کەس زیاتر زیانەکانی خەتەنەکردن دەزانن، بەڵام کاتێك دەچیتە ناو واقیعەکەوە گوێبیستی راوبۆچوونەکانیان دەبێت دەزانیت کە دابونەریت چەند بەهێزن؟ ئەوەی لێردا بەلامەوە گرنگە رای پزیشکە پیاوەکانە، هەردوو توێژەر بۆیان ئاشکرابووە کە پەیوەندییەکی ئیجابی هەیە لەنێوان رازیبوون لەسەر ئیشکردنی ژنو رەتکردنەوەی خەتەنەکردنو ئەوانەی خەتەنەکردن رەتدەکەنەوە رازین لەسەرئەوەی ژن بێ هیچ کۆتوبەندێك کاربکەنو رێژەیان نزیکەی لە٦١٪ دەبێت، دێینە لای تیمێکی تر کە پشتگیریی لەخەتەنەکردن ددکەن کە تێیاندایە ئیشکردنی ژن بەتەواویی رەتدەکەنەوەو رێژەیان لە٣١٪، بەڵام ئەوانی تر رازین بەئیشکردنی مەرجدارو بەمەرجی زۆرگران.
ئەوانەی پشتیوانیی لەخەتەنەکردن دەکەن ئیشکردنی ژنان وا وەسفدەکەن کە کاریگەرییەکی سلبی لەسەر ژیانی خێزان هەیەو ونکردنی مافەکانی ماڵە، لەبەرئەوەی ژن لەبنەرەتدا خانمی ماڵە، ئیشکردنی لەدەرەوەی ماڵ کە مەملەکەتی خۆیەتی حەرامە، ژن هەلی کارکردنی پیاو لەدەستدەدات، هەروەها ژن لەکارکردندا چالاك نییە، کارکردنی ژن دژی خواپەرستییەو دژی نەریتی گشتییەو حەز لای پیاو دەجرلێنێت، هەردوو توێژەر بەم خاڵە کۆتایی



بەتوێژینەوەکەیان دەهێنن و دەڵێن ڕەتکردنەوەی خەتەنەکردن بەشێکە لەهەڵوێستی گشتی کە وەك زیندەوەرێکی ژێرو یەکسان تەماشای ژن وپیاو دەکات لەماف و ئەرك و توانای کۆمەڵایەتی و پێیوایە کە پێشکەوتنی نیشتمان بەهاوکاریی هەموو هاوولاتییەکانەوە بەژن وپیاوەوە بەستراوە، بەلام لەهەمانکاتدا رازیبوون لەسەر خەتەنەکردن تێڕوانینێکی سوکایەتییە بەرامبەر بەژن و بێ تواناتر لەپیاو تەماشای دەکات کە جێگەی ماڵە بۆ خزمەتکردنی پیاوومنداڵ، بەزاندنی ئەم سنوورانە پەیوەستە بەکێشە خێزانییەکان و فەوزای سێکسی دروستدەکات.

## نێرینەو پیلانی بێدەنگ

ئەوەی پێشوو بەمشێوەیە کورتدەکەینەوە، بالادەستی نێرینە هەتا لەچینە رۆشنبیرەکانیشدا کە باش مەترسی ئەم تاوانە لەسەر کچان دەزانن هەیە، پزیشکە پیاوەکان هەموویان زیانەکانی خەتەنە دەزانن، بەڵکو زۆریش لێی دڵنیان لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی پیاوان لەسەر خەتەنەکردن رازی دەبن، (تۆماس سانکارای) یەکێك لەسەرکردەکانی ئەفریقا لەسەر خەتەنەکردن دەڵێ: ئەمە هەوڵێکە بۆ شکاندنی ژن کە وای لێدەکات ئەم نیشانەیە هەڵگرێت کە هەتا دژی بارودۆخی خۆشیەتی، کە وای لێدەکات هەمیشە هەست بکات کە ئەو لەژن بەولاوە هیچی ترنییەو لەپیاو کەمترە، مافی ئەوەی نادرێتێ هەتا سوود لەجەستەی خۆشی وەرگرێت، شادمان بێت و



جەستەی شادبێت، هەموو کیانی سنووری هەیە کە پیاو بۆی داناوە، لەبەرئەوە خەتەنەکردن ئامرازێکە بۆ زەلیلکردنیو پێویستە لەم رووەوە باسی ئەوە بکەین کە سەرۆکی جۆمۆکینیا لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بۆ رەواج پەیداکردنی خۆی خەتەنەکردنی کچانی پیرۆزکرد تا متمانە بەدەستبێنێت، لەئەمریکاش لەساڵی ١٨٤٨وەك د. سامی ئەلذیب دەڵێت: پەیوەندییەك یان پەیوەستبوونێك هەبوو لەنێوان راگەیاندنی مافی ژنان لەئەمریکا لەو ساڵەداو لەنێوان پشتیوانیکردنی پیاو لەوێ لەخەتەنەکردنی مێینە وەك کاردانەوەیەك بۆ گێڕانەوەی ژنان بۆ رۆڵی خۆیان کە لەسەری راهاتوون، بەهۆی ترسی پیاوان لەمێینەتی ژنان، ئەوان پێیانوایە ژن لەسروشتدا حەز لەبەرەلایی دەکرد بۆیە پێویستبووە بەلێکردنەوەی پارچەیەك لەجەستەی چارەسەر بکرێت، ئەمەش هاوکاریی پیاو دەکات لەتاوانی رەواج پەیداکردن بۆ خەتەنەکردن لەئەنجامی باڵادەستی پیاو کە د. سهام عەبدولسەلام ناوی لێناوە (پیلانی بێدەنگ).

د. سهام سەبارەت بەم پیلانە دەڵێت: ژن وا پەروەردە دەبێت کە شەرمە ژن ئازارەکانی بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بەسێکسەوە هەیە رابگەیەنێت، لەبەرئەوە ژنان ئەم ئازارانە رەتدەکەنەوە جا ئەگەر ئەو ئازارەبێت کە پێیدا تێپەڕیوون لەکاتی شێواندنی جەستەیان یان ئەوەبێت کە بەهۆی ئەو شێواندنەوە لەژیانی ژنومێردایە پێوەی دەناڵێنن، ئەوەی بەسەر خۆیاندا هاتووە بەسەر کچەکانیاندا دوبارەی دەکەنەوە، پێشتر باسمان لەو ئاهەنگ



گێڕانەکرد، کە دایکان و ژنان لەدەوری کچە قوربانییەکە دەیگێڕن ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە کاروانی خەتەنەکردن ژنان خۆیان دەیپارێزن و داپیرەو دایکان بڕیار دەدەن و نەخشە دەکێشن بۆ ئەم پرۆسەیە، (ماسان)مێینەیە کە یەکەم شفرەو خوێنڕێژی ئەنجامدەدات لەو تابلۆ ناشیرینەی دژ بەمێینە دەکرێت، پوورئامۆژن و ژنە دراوسێ و خزمی ژنەکان هەڵدەستن بەبەستنەوەو دیلکردن و دەم کوتکردن و دەستبەستنەوەو پەکخستنی قاچەکان و راگرتنی هاوارو ئازارەکان، ئەم بەشدارییە ژنانەیە زۆر سەیر لەمەبەستەکەی تێناگەم، بەڵام رەنگە یەکێك بێت لەو هۆکارانەی کە رقم لەخەتەنەکردنی کچان توندترەدکات.

## نەفکردنی سێکسی و تۆڵەکردنەوەیەکی خراپ

دابڕانی ژن لەبەشداریکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی رەفتارێکی وای دروستکردووە کە مێینەیی سەرەداوی خۆپەرستی و بالادەستی و دژواری دروستبکات، ئەگەر ژن دەنگی لەدەرەوەی ماڵەوە نەبوو، ئەوا هەندێ شتی بۆ جێهڵێلراوە کە لەناو ماڵدا یەکلایی بکاتەوە، ئەو ماڵەی پیاو هەڵیخەڵەتاندووەو پێیگوتووە کە ئەوە مەسلەکەتەکەیەتی تاکو بیر لەدروستکردنەوەی مەملەکەتێکی تر نەکاتەوە لەدەرەوەی شووردی ماڵ، لەچوارچێوەی ئەم شتانەداو هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەنەریت و بەهارە هەیە، گرنگترینیان خەتەنەکردنی کچان و دروستکردنی شووردیە بەدەوری



هەڵسوڕکەوتی کچانداو نانەوەی تەڵە لەدوای تەڵە وەک ئەوەی لەقۆناغی زاودابین، ڕێگرتنی ژنان لەچوونەدەرەوە لەماڵەوە جاران بووە دەرکەوتنی چینێک لەژنانی شت فرۆش کە (دەچنە سالان) ئەمانەش بەزمان درێژیی و قسەکردنی ئاشکرا هەتا لەگەڵ پیاوەدا ناسراوبوون، وەک ئەوەی بەم کردەوانەیان کەبتی ژنان و بێدەنگییان قەرەبوو دەکەنەوە، لەنموونەی ئەو ژنانە "دەلالی ژنە" کە سەرقاڵی جل وبەرگ فرۆشتنە، لەگەڵ چەندین ئیش وکاری تر لەناوەوەو دەرەوەی ماڵدا، ئەوانە پڕوپاگەندەکردن و ڕەواجکردن بۆ تەپانی خێزانەکان و باسکردنی سیفەتە جوانەکانیان، لەسەرویان گرنگتر ئەوە ئەو کچانە خەتەنەکراون بەدەستی خەڵکی شارەزا، بێگومان مەبەستی (دامان)ە کە هەڵدەستێت بەئەنجامدانی خەتەنەکردن و منداڵبوون، ئەم گروپەی ژنان بەدرێژایی مێژوو هەستاون بەبەچینیی دەزوون پیلانەکان و بەشداریکردن لەڕێخۆشکردن بەکەم سەیرکردنی مێینە و بڵاوکردنەوەی ئەو گەرموگوڕییەی لەپەیوەستبوون بەکۆمەڵەوە دروستدەبێت و ترس دروستکردن لای ئەوانەی فەرمانەکان جێبەجێناکەن و لەگەرموگوڕیی و شادیی بەهاشت بێبەری دەبن.

(داسامی ئەلذیب) بۆچوونی یەکێک لەتوێژەرەوە ژنەکان باس دەکات کە ناوی (سێکس)ە گوزارشت لەوانەی پێشوو دەکات و دەڵێن: ژنان پشتیوانیی لەخەتەنەکردنی مێینە دەکەن، چونکە لەو پرۆسەیەدا ڕێزو تەقدیری کۆمەڵایەتییان دەستدەکەوێت جگە لەوە دەستکەوتنی مادیی باشی تێدایە، خەتەنەکردن ئەو ڕێگەیەیە کە



خۆیانی پێدەپارێزن و مسۆگەرکردنی رۆڵیانە لەکۆمەڵگەدا، خەتەنەکردن ژن ملکەچی سستمێکی کۆمەڵایەتی دەکات کە بێئەوە ژیانیان نییە، هەروەها خەتەنەکردن ئامرازێکە بۆ نەمانی تاکڕەویی و چوونە ناو گروپێکی ژنانە کە مەبەستیان پاراستنی نەریتی کۆمەڵایەتی و کلتورییە، بۆیە ژیانیان لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا تەرخاندەکەن، بەڵام د. سامیە سلێمان رزق شیکردنەوەیەکی تر بۆ بەشداریکردنی ژن لەخەتەنەکردنی کچانی رەگەزەکەی باسدەکات، ئەویش حەزی تۆڵەکردنەوەیە، خەفەکردنە، خەفەکردن خواستێکی سێکسییە و لەڕێی خەتەنەکردنەوە وەك چەکێك وایە بەدەستیانەوە بۆ روبەڕووبوونەوەی مێرد، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ژنان خۆیان لەگەڵ کاتدا هەڵدەستن بەسەرلەنوێ دامەزراندنەوەی ئەو سەرکوتکردنەی توشیان دەبێت، ئەمە شیکردنەوەیەکی سەیرە، بەڵام لەوانەیە ببێتە راستەقینە، ئەمە جۆرێکە لەتۆڵەسەندەوەی توند بۆ کلتورێك لەسەرکوتکردنی پیاوانە، بەڵام تێکەڵە لەهەندێ ساوەیی کە مێینە لەئەنجامی دابڕانی بەزۆر تووانەوە لەناو کۆمەڵدا بۆی ماوەتەوە، ئەویش بەهەمانشێوەی سەربازە داماوەکە دەکات کە بۆ ئەوەی لەسوپا رزگاریبێت قاچێکی خۆی دەبڕێتەوە، شیکردنەوەیەکی تر کە پزیشکێکی ژنی سودانی بەناوی ژنە زیندانەکان بۆ (LIgHtFOOI_KLIEM) پێشکەشی کردووە بیانوو بۆ ئەو شەڕانگێزییە نامرۆیەی ژن دەهێنێتەوە کە خۆی لەڕاستیدا پێویست وایە ئەو ئازاری چەشتووە و لەو



کردەوەیەدا خوێنی رۆشتووە، بەهەمانشێوە ئەو گەمژەییە دووبارە دەکاتەوەو دەڵێت: ئەمە گەمژەیی نییە بەڵکو تۆڵەکردنەوەیە! ژنان وەك پزیشك دەڵێت لەوێ هیچ رۆڵێکیان لەکۆمەڵگەدا نییە، بۆیە هەموو دەسەڵاتە خەفەکراوەکانیان بەسەر کورپوکچەکانیاندا دەسەپێنن، کچەکانیان خەتەنەدەکەن وەك چۆن لەپێشدا خۆیانیان خەتەنەکردووە، هەموو ژنێك ئازاری چەشتووە کەواتە دەبێ تۆڵەبکاتەوە، بەڵام ناتوانێ تۆڵە لەکچەکانی بەولاوە لەکەسی تر بکاتەوە گەرچی خۆشیشی دەوێن، داپیرە پێیوایە ئەگەر دەسەڵاتی خەتەنەکردنی لەدەستدا ئەوا هەموو دەسەڵاتەکانی تر لەدەستدەدات.

هەروەها ئەم پزیشکە دەڵێت: ئەم سووربوونە لەبەرئەوە نییە کە داپیرەکان شەڕانین، بەپێچەوانەوە لەوانەیە خواپەرستو باشیش بن، بەڵام کێشەکەیان ئەوەیە کە پێیانوایە ناتوانرێت پارێزگاریی لەکچێنی کچ بکرێت هەتا خەتەنەکرێت، بەتایبەتی شێوازە فیرعەونییەکەی، هەروەها دەڵێت: ژنان لەگەڵ ئەوەی ئازارێکی زۆریان چەشتووە هەڵدەستن بەخەتەنەکردنی کچەکانیان وەك هەڵبژاردنی رێگەیەکی ئاسانو راکردن لەبەرگریی کۆمەڵ، ئەوە خۆشەویستی وێرانکردن نییە لەپێناو وێرانکردندا، لەبەرئەوەی لەئەقڵیدا جگە لەم رەفتارەی هیچی تری بەرامبەر بەژن کۆنەکردۆتەوە، ئەو لەرێی کچەکانییەوە هاوار دەکات، ئەوە هەمان جیناتی دەروونییە کە ئەو رەفتارو نەریتە لەوەچەیەکەوە دەگوێزێتەوە بۆ وەچەیەکی تر.



(د. سهام) پێیوایه ژن ئەوە ناکات لەبەر رازیکردنی خواستی پیاو نەبێت، ئەو وەك بڕیکارێکی جێبەجێکردنی ئیرادەی پیاو وایە، هەندێك وای بۆ دەچن کە سایکۆلۆژییەتی خەتەنەکردن تێکەڵەیەکە لەنێوان ماسۆشیزمو سادیزم، مەبەست لەیەکەمیان لەماسێوشزم ئەوەیە کە لەزەت لەئەشکەنجەدانی خۆیو لێکردنەوەی پارچەیەکی خۆی دەبینێ، دووەمیان مەبەست لە(مارکیز دیسادەك)ەیە کە ١٦ساڵ تەمەنی لەزیندانو ١١ساڵیش لەنەخۆشخانەی نەخۆشی دەروونیی بەسەربرد، ئەم نەخۆشییە واناسراوە کە حەزی لەوێرانکردنو ئازاردانی خەڵکی ترە، وەك مارکیز هەڵدەستا بەلێدانی قوربانییەکانی بەجەڵدو هەندێ جاریش بەکەوڵکردنیان! ئایا کۆمەڵگاکەمان لەسەدەی بیستو یەکەدا رازی دەبێت بەسادیی یان ماسۆشی ئاراستەی خۆی یان کچەکانی بکرێت ئێمە ناتوانین ئیدانەی خەڵکی تر بکەین کە بەمشێوەیە وەسفمان دەکەن پێش ئەوەی رەفتارمان بەئاراستەی توندوتیژیی دژ بەژنان راست نەکەینەوە، ئەگەر ئێمە هەوڵماندابێت وەسفو باسی بنەڕەتی سایکۆلۆژیای خەتەنەکردن بکەین، ئەوا ئاسەواری سایکۆلۆژیی وێرانکەر لەسەر کچ بەهۆی ئاکامەکانی خەتەنەکردنەوە کە بەشێکی کەممان باسکردووە پێویستی بەسەدان کتێبو توێژینەوە هەیەو هەموو حاڵەتێکی خەتەنەکردن حاڵەتێکی یەکلایەنەیەو گرێی تایبەتو کێشەی خۆی هەیە، کاتێك قاسەی بیرەوەرییەکان دەکەینەوە ناوچەوانی شەرمەزاریی دەبینین، ئەمە یاریکردن نییە بەوشەکان، بەڵکو گوزارشتە لەواقێکی تاڵ کە



لەترساندا هاواردەكات جگە لەپێشێلكارییەكانی جەستەو سێكسی منداڵانی بچوك گوزارشتە لەو كچە تەمەن بچوكەی وا بیردەكاتەوە كە ئەم ناوچەیە ناوچەیەكی پیسو پۆخڵو قەدەغەكراوە، نزیكبوونەوە لێی قەدەغەیە هەتا لەلایەن قوربانییەكە خۆیەوە، كچەكە دەستدەكات بەفێربوونی شاردنەوەی هەڵچوونە راستەقینەو ئازاراوییەكانی بۆ رازیكردنی كەسوكار كە وای تێدەگەیەنن ئەو پرۆسەیە راستەو لەبەرژەوەندیی ئەودایە، ئەم شاردنەوەیە پەرەدەسێنێت تافێربوونی نواندنو درۆكردن، وا خۆی دەنوێنێت لەبەرچاوی هەمووواندا كە ئەمە شتێكی ئاساییە، لای مێردەكەشی وا خۆی نیشاندەدات كە لەزەت وەردەگرێت، لای كەسوكاریش وا خۆی پیشاندەدات كە سوپاسیان دەكات، پەتی دۆركە ئەمەندە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە بچووكترین هەستی جوانی مرۆڤایەتی كە خوا لەدڵماندا خوڵقاندوویەتی بۆ لەزەت وەرگرتن لەژیان.

## خواردنەوەو تلیاكو ساردی فرێزەر

بێدەنگیی كۆمەڵگە لەسەر ئەم قەسابخانەیە زۆر جار پێموایە لاڵبوونێكە لەئاكامی هەڵمژینی بەكۆمەڵی تلیاكو بڕیارمانداوە بێدەنگبینو گوێی نەدەینیو كپ بین بەرامبەر بەم تاوانە قێزەونە، سەبارەت بەتلیاك زۆر لەتوێژەرەوەكان هۆی بەخشینی خەڵاتی تلیاك-ی رۆتینی كە دەبەخشرێتە زاوا بەشێكە لەخۆشەویستی



دراوسێ و کەس‌وکار بۆ ئەو کەسەی پێدەنێتە ژیانێکی نوێوە، دەگێڕنەوە بۆ خەتەنەکردن تا زاوا پێیوابێت کە چوونە ناو کەژاوەوە بۆ چەند سەعاتێکی دووردرێژو خۆشییە تا لەو ڕاستییە ئاگادارنەبێت کە ئەو چوونە ناو کەژاوەی زاوەیەتییەوە بێهەست‌وسۆزو ساردە وەك فرێزەری سەلاجە، دوورە لەژیانی گەرم‌و پڕ جۆش‌وخرۆش، زۆر لەتوێژەرەوەکان خەتەنەکردنیان ئیدانەکردووە وەك هۆیەك لەو هۆیانەی دەبنەهۆی بلاوبوونەوەی تلیاك کێشان، (ئەحمەد ئەمین)ی بیرمەند لەفەرهەنگی (العادات والتقالید)دا سەبارەت بەخەتەنەکردن دەڵێت: لەم ڕۆژانەی ژیانمدا واتە لەساڵی ١٩٥٠ بەدواوە هەندێ کەس داوایان کرد خەتەنەکردن تەنیا بۆ نێرینەبێت، بیانووشیان بۆ ئەوە ئەوەبوو کە خەتەنەکردنی مێینە دەبێتەهۆی بلاوبوونەوەی تلیاك کێشان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەگەر کچەکە خەتەنەکراو پاشان گەورەبوو، ئەوە خەتەنەکردنەکەی دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی چێژی سێکسی‌و پیاوەکە ناچاردەبێت تلیاك بەکاربێنێت، داوایانکرد کە مێینە خەتەنە نەکرێت تاکو پیاو ناچار نەبێت پەنا بۆ تلیاك خواردن ببات.

(د. سامی ئەلذیب) لەم بارەیەوەو لەپێگەکەی خۆی لەئینتەرنێتدا باس لەهەندێ ڕاوبۆچوونی تر دەکات، لەوانە ڕاوبۆچوونی د.



محەمەد سەعید ئەلحەدیدی کە دەڵێت: "تلیاك‌و ماددەی بێهۆشکەر بەهـــەموو شـــێوەکانییەوە بەشـــێوەیەکی ترســـناك لەوڵاتەکـــەماندا بڵاوبۆتـەوە لەگـەڵ ئەوەی ســـزای تونـد هەیـە، نـهێنی ئەمـە چییـە بەپێزان؟ ئەگـەر بگەینـە ئەنجام ئەوا زۆر شت بۆ خۆمان مسۆگەر دەکەین لەوانە ئەو هەموو پارە زۆرەی لەپێناوی قەڵاچۆکردنی ئەم جۆرە شتانەی سەرفدەکرێن، سوودی گەورەیان لێدەستدەکەوێت، چـەند کـەس زیندانـی کـراون، چـەند کـەس قوربـانیداوە بـەپارەو مێشـکی‌و خـێزانی لەبەرئـەوەی ئـەم ژەهـرەی خـواردووە، کەواتـە نـهێنی ئەمە چییە؟ من لەگەڵیاندام کە زۆربەی ئەوانـەی مـاددەی بێهۆشکەر بەکاردەهێنن لەبەرئەوە بەکاری دەهێنن چونکە هەست‌و پێکهاتەی هزریان کەمە، بەڵام راتان چییە لەوانەی کە ئەم ماددانـە بـەکاردەهێنن لـەو خەڵکانـەن کـە بـاس لەسـەرکەوتنیان دەکرێـت لـەژیانی کـارو ئـەدەبیدا، لـەڕووی داراییشـــەوە زۆر لـــەخاوەن ئەقڵـەکانیش باشـترن؟ وەڵامەکـەی ئاسـانە ئـەویش حەزکردنـــە بەسرکردنی ئەو هەستەی لای ئەم جۆرە پیاوانە هەیە تابگەنـە ئەو پیاوانەی لەگەڵ ژنی خەتەنە نەکراودا سێکس دەکەن.

د.عەلی روشدی عەماد دەڵێت: لە ٦٢حاڵەتدا پیاوەکان تلیاك یان کحولیان خواردۆتەوە وەك یارمەتییەك بۆ کاری سێکسی‌و حەزی تـێرکردنی ژنـەکانیان، ســـەبارەت بەپرســـیاری ئەنجامەکـــەی



وەڵامەکەی ئیجابییەو هەندێجاریش سوودی هەبووە، ئەمە لەهەندێ حاڵەتدا ئەنجامی پێچەوانەش دەهێنێت، ئێمە هەموومان دەزانین لەهۆکارەکانی راهاتن (ادمان)ی هەندێ پیاو لەسەر تلیاك یان خواردنەوەی کحول خواستێکە بۆ درێژبوونەوەی کاری سێکسی لەبەرئەوەی ساردی ژنانی خەتەنەکراو زۆر زۆرە".

ئەمە مۆتەکەیەکی رەشە، یان بەزمان و زاراوەی پزیشکی خەتەنەکردن کردەوەیەکی سەرکوتکەرانەیە، ئەوە باڵی کێشاوە بەسەرمانداو باس لەوە دەکات کە کچ (خەمەو لەکەیە)و ئێمە لەلایەن جیهانێکی شارستانییەوە راوەدوو دەنرێین کە دەیەوێت کلتورەکەمان لەناو ببات ئەو کلتوورەی کە بنەما سەرەکییەکانی خەتەنەکردنە، ئایا کلتوری گەلان پێویستی بەوە نییە لەبێژن بدرێتەوەو سەرلەنوێ چاککاریی بکەین و ئەوەی زیانبەخشە دەریکەین و شتی نوێ بخزێنینە ئەو کلتورەوە؟ پێموایە کاتی ئەوە هاتووە ئەو لەبێژندانە بکەین و دەستپێبکەین.





# بەشی سێیەم

خەتەنەکردن قەدەغەیە بەدەستی مامان بێت یان بەشفرەی
نەشتەرگەر

ئەو پزیشکەی خەتەنەکردن ئەنجامدەدات لەڕووی یاساوە
تاوانبارە

خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ خەتەنەکردن:

خێراترین بکوژ بۆ یاساکانمان بنەمای چارەسەری مامناوەند
یان خواستی رازیکردنی هەموو لایەکە

یەکەم قوربانی بۆ ئەم بنەمایە ئەو یاسایانەیە کە پەیوەندیی
بەنەریتو بەهاو عورفی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەوانە
یاساکانی پەیوەیست بەخەتەنەکردنی کچانەوە





ئێمە كە هەمیشە باس لە تەمەنی یاسایی دەكەین بۆ خەتەنەكردن لابەلا دەڵێن كە تەنیا ڕێگە بەپزیشك دراوە خەتەنە بكەن، وەك ئەوەی ئێمە باس لەمافی فیزییەتی پزیشك بكەین نەك مافی كچان لەجەستەیەكی ئەتك نەكراو، خەتەنەكردن لەڕێی مامانو سەرتاشانی تەندروستیو پزیشكیشەوە قەدەغەیە، ئێمە باس لەبنەما دەكەین، كاتێكیش باس لەبنەما دەكەین پێویستە دانوستاندن نەكەین بەلایەكدا نەشكێنین یان دووڕوو نەبینو دان بەوەدا دەنێم كە ناتوانین ڕێگە لەخەتەنەكردن بگرین لەڕێی دەقە یاساییەكانەوە، ئەم نەریتە بەربەرییە دەبێت بەزیادكرنی ڕۆشنبیرییو هۆشیاریی لەناوببرێت، نەك بەزیادكردنی یاساو حوكمو ئامۆژگاریی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین خۆمان لەوە پشتگوێبخەین كە یاسا گرنگە بۆ قەدەغەكردنی دیاردەكە.

دەستی یاسا ئەستوورە ئەگەر كۆمەڵگە بییەوێت ئەستووربێتو گاڵتەجاریش دەبێت ئەگەر كۆمەڵگە ببەوێت ، هەوڵدەدەین كاروانی یاسای نێودەوڵەتیو میسری نمایشبكەین كەدژی خەتەنەكردنی كچانن تا ئاستی پێشكەوتنی ئەو هەولانە بزانین كە دژی ئەم نەریتە پیسەكراون، یەكەم وتووێژی جیهانیی لەسەر ئەم مەسەلەیە لەكۆمەڵەی دەوڵەتاندابوو لەساڵی ١٩٣١ لە كۆنگرەی جنێڤ كاتێك باس لەبارودۆخی مندالانی ئەفریقاكرا، باس لەمەسەلەی خەتەنەكردنی مێینەكرا لەیەكێك لەخێڵەكانی كینیا، بەڵام كۆنگرەكە وەسێتەكانی ولاتانی ئەورووپای ڕەتكردەوە كە داوای بەتاوانكردنی ئەم كردەوەیەی كرد، دوای ئەو لەساڵی ١٩٥٨ ڕێكخراوی



تەندروستی جیهانیی جێبەجێکردنی ئەو راپرسەیەی رەتکردەوە کە نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کردبوو بۆ دانانی سنورێك بۆ خەتەنەکردن بەو مەبەستەی کە دسەلأتی لێکۆلینەوەکردنی مەسەلەی ئاوها کلتوری نییە، داواکاریی ژنانی ئەفریقا لەرێکخراوی نێودەولەتیی بەتەبەنیکردنی رێگرتنی خەتەنەکردن بەردەوامبوو، بەتایبەتی دوای کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەئەدیس ئابابا سەبارەت بە بەشداریکردنی ژنان لەژیانی گشتیدا، هەتا ئەو خەوە لەسالی ١٩٦٤دا هاتەدیو لەکۆنگرەی تۆگۆدا ئیدانەی خەتەنەکردن کرا، پاشان رێکخراوی تەندروستی جیهانیی سەبارەت بەئاسەواری زیانبەخشی تەندروستی خەتەنەکردن لە٣٠حوزیرانی سالی ١٩٧٦دا تەنیا ئیدانەی خەتەنەکردنی فیرعەونی کرد، پاشان خالی وەرچەرخان لەسالی ١٩٧٩دا هات کاتێك رێکخراوەکە کۆنگرەیەکی لەخەرتوم بەست بۆ وتووێژکردن لەسەر ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی زیاتر یەکلاکەرەوەو بەبەرنامە، لەو رۆژەوە هەموو سالێك رێکخراوەکە بەشێوەی راپۆرت ئیدانەی ئەو کردەوەیە ئەکات ئەمە جگە لەئامادەکردنی چەندین لێکۆلینەوەی زانستی، لەگرنگترین ئەو لێکۆلێنەوەی کە رێکخراوی تەندروستی جیهانیی دەریکردووە لەسالی ١٩٩٨دا بوو کە هەریەك لە د. ناهد طیب و سۆزان عیزەت نووسیویانە، لەم لێکۆلینەوەیەدا دەتوانرێت هەلوێستی نەتەوەیەکگرتووەکان لەمەڕ خەتەنەکردن بەمشێوەیە کورتبکەینەوە، ئیدانەکردنی خەتەنەکردنی مێینە بەهەموو شێوەکانییەوەو بەو مەبەستەی کە دژی سەلامەتی



جەستەو تەندروستی جەستەیی و دەروونییەو وێنەیە کە لەوێنەی جیاکاریی و توندوتیژیی دژ بەژنان.

رەتکردنەوەی ئەنجامدانی خەتەنەکردن لەهەموو ناوەندە پزیشکییەکاندا، دوای دانانی یاسا بۆ رێگرتن لەخەتەنەکردنی مێینەو سزادانی ئەوانەی ئەنجامی دەدەن ئەگەر پزیشکیش بێت، ئەگەر خەتەنەکردن تاوان بێت بەپێی یاساکانی رابردوو ئەوە بەپێی یاساکانی مافی مرۆڤیش تاوانەو بەدەستدرێژیی دادەنرێت بۆ سەر جەستەو بەهەدەردانی سەلامەتیی ژیان و جەستەیە، ئەوانەیش لەگرنگترین مافەکانی مرۆڤن، بەڵگەنامەی جیهانیی بۆ مافەکانی مرۆڤ لەماددەی ۳دا دەڵێت: هەموو تاکێك مافی ژیان و ئازادیی هەیە، لەگەڵ پاراستنی خودی خۆی" لەرێکەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بۆ مافی منداڵ لەماددەی٢٤دا هاتووە: دانپیادانان بەمافی منداڵ لەبەدەستهێنانی ئەوپەڕی ئاستی تەندروستی، هەموو دەوڵەتەکانی پەیوەندیدار رێگەو شوێنی کاریگەر دەگرنەبەر بەمەبەستی نەهێشتنی کردەوە تەقلیدییەکانی دەبنە زیانبەخشین بەتدروستی منداڵ "برگەی (پێنجی) یاسای نێودەوڵەتیی بۆ رەوشتی پزیشکی دەڵێت: پێویستە هەموو منداڵێك لەچارەسەرکردن یان پشکنینی پزیشکی ناپێویست بپارێزرێت"

پاراستنی جەستە مافی نەشکەنجەنەدانە، بێگومان خەتەنەکردنیش جۆرێکە لەئەشکەنجەدان، ئەو مافەی کە ئێمەی پزیشك لەبەندی سێیەمدا سوێندی لەسەر دەخوێن و دەڵێین: "کەرامەتی خەڵکیی بپارێزم و عەیبیان داپۆشم" خەتەنەکردن



ئەوپەڕی بەهەدەردانی کەرامەت و ئابڕووبردنی عەیبیان و پێشیلێکردنییەتی.
لەوڵاتی میسر ئەم پەندە بڵاوە کە دەڵێت: ئەوەی دەستی لەئاودایە وەك ئەوە نییە کە دەستی لەئاگردایە" ئێمە لەمیسر دەستمان و رۆحمان لەناو ئەو ئاگرەدایە کە گیانی کچان دەسوتێنێ، لەبەر ئەوە پێویستە پەنا بۆ یاسابەرین تا کڵپە بەردەوامەکەی بکوژێنینەوە.
یەکەم دەقی یاسایی سەبارەت بەخەتەنەکردنی مێینە لەساڵی ١٩٥٩دا دەرچوو لەژێر ناوی بڕیاری وزاریی ژمارە ٧٤کە لیژنەیەك لەپزیشکان و پیاوانی ئاینیی لەناویاندا موفتی حەسەن مەئمون و شێخ حسێن مەخلوف دایان نا، لەماددەی ٢هاتوو. کە ئەو لیژنەیە بڕیاری بەمەداوە:
جگە لەپزیشك رێگە نادرێت کەسی تر خەتەنە بکات و خەتەنەکردنەکەش دەبێت بەشێکی بێت نەك هەمووی و بۆ ئەوانەش بێت کە دەیانەوێت، رێگرتن لەخەتەنەکردن لەیەکەکانی وەزارەتی تەندروستی لەبەر هۆکاری تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەروونیی.
مامانە رێپێدراوەکان نابێت بەهیچ جۆرێك نەشتەرگەریی بکەن، لەوانەش خەتەنەکردن، ئەو شێوازی خەتەنەکردنەی ئێستا پیادە دەکرێ مەبەست ساڵی (١٩٥٩)ە زیانی تەندروستی و دەروونیی لەسەر مێینە دەبێت ئەگەر پێش شووکردن بێت یان دوای ئەوە بەو پێیەی فوقەهاکان پاڵپشت بەهەندێ شت رێك نەکەوتوون لەسەرئەوەی خەتەنەکردنی مێینە ئەرکە یان سوننەت، هەندێکیان



دەڵێن: مەکرمەیە، بەڵام هەموویان لەسەرئەوە رێکەوتوون کە بنەماکانی ئیسلام و شەریعەت رێگە بەبڕینی تەواوەتی نادات.

رایەکی شەخسی بچووکم هەیە لەسەرئەوەی پێشوو، ئەویش ئەوەیە کە لیژنەکە لەگەڵ ئەوەی توندبوو، بەڵام ترسنۆکی و دووڕوویی کۆمەڵگەی تیابووەو دارەکەی لەناوەڕاستدا گرتووەو هەوڵیداوە کێشەکە بەشێوەیەکی نەزۆك چارەسەر بکات تەنیا بەشێکی لادەبەین تا کەس زویر نەکەین! گفتوگۆیان لەسەرئەوە نەکردووە کە ئەوە پێشێلکارییە هەتا ئەگەر یەك ملیمەتربێت، مەسەلەکە مەسەلەی پێوانە نییە، بەڵام مەسەلەی بیروباوەڕە کە ناکرێ دانووستاندنی لەسەربکرێت، هەر درزێك لەپەنجەرەی دانووستاندا رێگە خۆشدەکات بۆ شنەبای بیروبۆچوونی دواکەوتوو کە ئەوەندە نابات دەبێتە رەشەبا، رۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٩٤ رۆژێکی یەکلاکەرەوەبوو لەمێژووی وتووێژکردن لەسەر خەتەنەکردن، کەناڵی CNN فیلمێکی پەخشکرد کە تێیدا کچێك بەناوی نەجلاوە لەسەر دەستی سەرتاشێکی تەندروستی لەشاری قاهیرە خەتەنە دەکرێت، بارودۆخی ئەوکاتە باشبوو بۆ ئەوەی مەسەلەکە هەڵگیرسێت، ئەوکاتە کۆنگرەی دانیشتوانی جیهان کۆببوونەوە وەزیری تەندروستی بەئاسانی لەکۆبوونەوەکەدا وتی: هەمووشتێك تەواوبووەو مەسەلەکان باش دەڕوات بەڕێوە، خەتەنەکرنیش لەمیسر زۆر دەگمەنە، بەڵام فیلمەکە ئابڕوی هەموو لایەکی بردو تەئکیدیکردەوە کە ئەو کردەوە قێزونە هەتا ئێستا لایەنگری هەیە، لەبەرئەوەی ئابڕوچوونەکە جیهانیبوو دەبوایە



لیژنەکان کۆببنەوەو وەك نەریتی هەمیشەییمان رووبەڕووی مەسەلەیەکی لەدەستچوو وەستاین لیژنەکە ٢٢ئەندامی گرتبووەخۆ لەوانە (عەلی عەبدولفەتاحی) وەزیرو شێخ طنطاوی موفتی ئەوکاتەی وڵاتی میسر، دوای ئەوە بەمانگێك‌و دوو رۆژ لە٩ی ئۆکتۆبەردا بەیاننامەیەکیان دەرکرد، یەکەم بڕگە تێیدا دەڵێت: کە خەتەنەکردنی مێینە نەریتێکی کۆنی پاشماوەیەو هیچ دەقێکی قورئانی پیرۆز یان فەرموودەیەك نییە لەبارەیەوە باسکردنی خەتەنەکردنی مێینە لەزۆر زووەوە باسکراوە، بەڵام هەمووی لاوازو بێبنەماو دروستکراوە کە ناکرێ پشتی بێبەستریێت، ئەم مەسەلەیە دەخرێتە بەردەم پزیشك؟ بەڵام دانپیادانەنانێکی وزارەتی تەندروستی جۆرە نەرمی‌و دوودڵیی‌و شەرمیی پێوە دیاربوو لەئیدانەکردنی تەواوی خەتەنەکردن‌و یەکلاکردنەوەی، لەڕێنماییەکانی وەزارەت لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤دا دەرچووە جۆرە نەرمییەکی تیایە لەمامەڵەکردن لەگەڵ خەتەنەکردندا بەگوزارشتی وەك، رێگرتن لەخەتەنەکردن لەو شوێنانەدا ئەگەر بۆ ئەو مەسەلەیە ئامادە نەکرابێت، وەك ئەوەی شوێنی گونجاوو ئامادەکراو هەبێت بۆ خەتەنەکردن‌و شوێنیش هەبێت بەکەڵکی خەتەنەکردن نەیەت، ئەمە جیاوازییەکی زمانە وەك جیاوازیی عەقڵ کە لەهرزی هەتا سەرکردەکانی کە رووبەڕووی ئەم مەسەلەیە دەبنەوە، لەپزیشك‌و کەسایەتییەکشییەکان کنەی کردووە، شێوازێکی تری رێنماییەکان دەڵێت: هەموو نەخۆشخانەیەکی فێرکاریی یان مەڵبەندەکان دوو رۆژ لەهەفتەیەکدا دیاریدەکەن بۆ



خەتەنەکردنی نێرینە، ڕۆژێکیش بۆ پێشوازیکردن لەو خێزانانەی خوازیارن مێینەکانیان خەتەنەبکەن، ڕێنماییەکان وەسیەتی ئەوەشیکردووە کە قسە لەگەڵ خێزانەکان بکرێت، بەڵام ئەگەر هەر سووربوون لەسەری ئەوە هیچ دەسەڵاتێك نییە، ئەمە وەك ئەوەیە کە هەر کەسێك بچێتە نەخۆشخانەو بڵێ من خۆم دەکوژم یان قاچێکی خۆم لێدەکەمەوە لیژنەیەکی بۆ پێکدەهێنن بۆ گوێگرتن و بڕوا پێهێنان، ئەگەر ڕازینەبوو ئەوە چیتر دەسەڵاتمان نییە، گوێبیستی دەبین و جێبەجێیدەکەین و دەڵێین ئامین!! ئەم پاشەکشێ و یەکلایی نەکردنەوەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جۆرە کێشانەدا ڕێگە بەهەموو کەس دەدات گومانی خراپ لەعەقڵ و ویژدانی کۆمەڵدا بچێنێت، ئەم کارمەندانە لەبەردەم شەرعدا وەستاون بەیەك لەرزینی بچوك لەوانەیە لەسەر مەسەلەی خەتەنەکردن تەنازول بکەن، سەندیکای پزیشکان لەوەزارەت باشتر نەبوون لەو مەسەلەیەدا، لە ٢٥ی ئەکتۆبەری ١٩٩٤دا بەیاننامەیەکیان دەرکرد تێیدا باسیان لەسوکایەتی خەتەنەکردنی مێینە کرد، بەڵام بەمەرج، مەرجەکان ئەوەبوو کە خەتەنەکردن لەدوای گەیشتنە تەمەنی هەرزەییەوە دەبێت کەسێکی بێت و بەرەزامەندیی کچەکەو خێزانەکەی بێت و موراعاتی بنەما پیشەیی و فیقهییەکان بکات! تێبینی: من دەڵێم ئەگەر موراعاتی بنەمای پشیەیی بکەین دەبێ خەتەنەکردن هەر نەبێت، سەیرلەوەدایە کە ئەوەی سەندیکا داوایکرد بەتاوان نەزانینی خەتەنەکردن بوو بەیاساو ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتربوو لەسەر



خەتەنـــەکردن، تێبینـــی بکـــەن ئـــەم بەیاننامەیـــە پزیشـــکانێك نووسـیویانە باش دەزانـن خەتەنـەکردن کوشـتنێکی ئاشـکرایە، پرسـیاری گرنـگ لـێرەدا ئەوەیە ئایا خەتەنـەکردن بۆتـە بەشـێك لەبەهاو بیروباوەڕو پێناسەمان، ئایا شارستانیی پێویستی بـەوە هەیـە خـۆی بەتوێکڵـەوە ببەسـتێتەوەو ڕێگـە بەحـەیاچوون و پێشـێلکاریی و بەربەرییـەت بـدات کـە لـەژێر نـاوی ئینتیمـای کلتوریی و ئایینیدا ڕوودەدات، ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە دوای ئەو هەموو هـەرواهوریاو بەیاننامەو ئامۆژگارییانە خەتەنـەکردنی کچان بەهەمان حەزو ویست و گڕوتینەوە ئەنجامدەدرێت، لەهـەمان ئەو نەخۆشخانانەدا بەسوود وەرگرتن لەوشەی بەڵام بەیاننامـەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کـە لەمارسـی ١٩٩٥دا دەرچـوو هـەندێ حاڵەتی خەتەنـەکردنی ئـابڕووبردووە لەوانـە بەڕێوەبـەری یـەکێك لەنەخۆشخانەکانی ناوچەی خۆرئاوا خەتەنەکردنی تەنیا بۆ خۆی قورخکردبـوو، شـەڕیش لـەنێوان پزیشـکە پسـپۆڕەکانی منـداڵ و نەشـتەرگەریی و ژنـاندا بـەردەوامبوو، دوای گۆڕینـی وەزیـری تەندروستی ساڵی ١٩٩٦ ئابڕووچونێکی تر سەریهەڵدا، ئەگەرچی پەخشـی ڕاسـتەوخۆش نـەبوو، دوو منداڵـی کـچ بەخەتەنـەکردن مردوون و یەکێکیان لەسەر دەستی پزیشك بووە، لێرەدا دەرکـەوت کـە پزیشـکێش هەڵـە دەکـات، کارەسـاتەکە لەخەتەنەکردنەکـە خۆیدایـە نـەك لـەوەی ئـەنجامیدەدات، لەبەرئـەوە (د.ئیسـماعیل سەلام) لەڕۆژی ١٩٩٦/٧/٨ بڕیارێکی دەرکـرد کـە خەتەنـەکردنی مێینە قەدەغەیە ئەگەر لەنەخۆشخانە بێت یان عەیادەی گشتی یان



تایبەت، ڕێگە بەئەنجامدانی نادرێت تەنیا لەحاڵەتی نەخۆشیدا نەبێت، ئەویش کە لەلایەن سەرۆکی بەشی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت یان لەسەر پێشنیازی پزیشکی چارەسەرکەر، ئەگەرچی ئەم بڕیارە هێشتا ڕێگەی هێشتبۆوە، بەڵام هەنگاوێك بوو بۆ پێشەوە، بەڵام هێزەکان یەکیانگرت لەناویاندا پزیشکەکان دەعوایەکیان دژی وەزیر نووسی کە ئەوە مافی ئەو نییەو دژی شەریعەتە، دادگا حوکمی بۆدان، بەڵام لەئیستئنافدا خولی یەکەمیان دۆڕاند، بەڵام هەتا ئێستاش هێور نەبۆتەوەو تائێستاش دعواکان لەدادگادا دێت‌و دەچێت وەك ئەوەی ئەم گروپە ئەم مەسەلەیان کردبێتە مەسەلەی ژیانیان‌و بەسەر لاشەکانیاندا نەبێت ڕێگە نادەن تێپەڕێت، لێرەدا تێبینیەکەم لادروست دەبێت، پەرلەمانی میسر لەوتووێژکردن لەسەر یاسای منداڵ لە ١٩٩٦دا پێیوابوو مادەی (٢٤٠) لەیاسای سزادان بەسەر کردەوەی شێواندنی جەستەی مێینەدا دەسەپێت‌و ڕێگەی لێدەگرێت، نازانم ئەم ترسە بۆ هەیە لەسەر دەقی بەتاوانکردنی خەتەنەکردن لەیاسایەکی جیادا بەڕاشکاوی‌و ئاشکراو یەکلاکەرەوە؟ ئایا ئەمە موغازەلەی هەست‌و سۆزە لەسەر حسابی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ؟ من نازانم، بەدڵنیاییشەوە وەڵام لای من نییە.

لەگرنگترین دیراسەکانی میسر کە باسی لەخەتەنەی کچان کردووە لەگۆشەی بەرپرسیارییەتی جیناتی‌و مەدەنیی،



لێکۆڵینەوەکەی راوێژکار (سەلاح مەحمود عویس)ە کە خۆی جێگری سەرۆکی دادگای تەمییزبوو، دەڵێت: ئەندامی زاووزێی مێینە بەشێوەی سروشتی خۆی نەخۆشی نییە، هۆکاری راستەوخۆش نییە کە ژن تووشی نەخۆشی دیارکراو بکات، یان بەشێك نییە کە ئازار ببەخشێت، ئەمەش مانای وایە دەستلێدانی ئەم ئەندامە چارەسەری نەخۆشی ناکات و برینی بەشێکی سوودی نییە بۆ ئاشکراکردنی نەخۆش، یان بۆ لابردنی ئازاری کوشندە، ئەمە دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی پزیشك کە پزیشك مافی چارەسەری نەخۆشەکانی پێدەدات، ئەم کردەوەیەی پزیشك ئەنجامدانی تاوانی بەمەبەستەو مادەی (٢٤١)یان ماددەی (٢٤٢) لەیاسای سزادان سزای لەسەردەدات، بەمشێوەیە بەرپرسیارێتی جیناتی و مەدەنیی دەکەوێتە ئەستۆی پزیشکەوە ئەگەر پزیشکەکە خۆی خەتەنە ئەنجامبدات، هەروەها باوك یان سەرپەرشتیاری کچەکەش تاوانباردەبێت بەو حسابەی شەریکی پزیشکەکەیە.

د. (محەمەد فیاض) تەئکید لەسەر هەمان مانا دەکاتەوەو دەڵێت: پزیشك رەوشتی تیایە، لەگرنگترینیان ئەنجامنەدانی نەشتەرگەییەکە کە سوودی تەندروستی نەبێت و بەتاڵبێت لەزیانی جەستەیی بەهەمان لۆژێك ئەگەر سەلمێنرا کە نەشتەرگەرییەکە هیچ سوودێکی پزیشکی نەبوو بووە مایەی مەترسیی، ئەوا پێویستە بەبۆچوونی من ئەو پزیشکەی رازیبێت لەسەر



ئەنجامدانی خەتەنەکردن هاوشانی ئەوەیە کە لەسەر لەباربردنی کۆرپەلە رازیدەبێت، لایەنگرانی خەتەنەکردن وەلامی ئەم بۆچوونە ئەدەنەوەو دەڵێن: کە خەتەنەکردن ناهێنێت سزای یاسایی لەسەر بدرێت، چونکە دەچێتە خانەی ئامۆژگاریی و پاراستن کە باوك‌ودایك بەسەر کچەکایاندا مومارەسەی دەکەن، (سەلاح عویس) راوێژکار ئەم لۆژیکە رەتدەکاتەوەو دەڵێت: مافی ئاداب بەپێی شەریعەتی ئیسلامی لەرەفتاری باش‌و نەریتی جوان‌و لێدانی زۆر لەسەر کردەوەی ناشیرین کۆبوونەوە، ئایا لۆژیك‌و عەقڵ رێگە دەدات منداڵێك لەبەشێکی جەستەی بێبەشبکرێت بەناوی ئاداب‌و رەوشتەوە؟ جەنابی راوێژکار پرسیار دەکات‌و دەڵێت: چۆن ئەوە ناودەنێن پەروەردەکردن؟ زۆربەی ئەو ژنانە سۆزانین کە خەتەنەکراون؟ هەروەها راوێژکارەکە سیفەتی جوانکاریی بۆ خەتەنەکردنی مێینە رەتدەکاتەوەو دەڵێت: جوانکاریی کە بۆتە بەشێك لەنەشتەرگەریی مەست لێی چاککردنی ئەندام یان راستکردنەوەی یان لابردنی زیادەیەکە لەهەموو شێوەکانیدا گۆڕینی شێوەی سروشتی ئەندامی زاوزێی مێینەیە کە دژ بەوەی خوای گەورە دروستیکردووە، هەروەها ناکرێت ئەم کردەوەیە بەجوانکاریی دابنرێت، بەڵکو لەراسیتدا پێشێلکارییە لەسەر جەستەی مێینە، (ئەحمەد شەننی) پارێزەری بەناوبانگ لەرۆژنامەی (الاخبار)گوتارێکی نووسیووە تێیدا ئاماژەی بەرۆڵ‌و



مافی نوێنەرایەتی گشتی داوە کە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە بدرێنە دادگا، هەروەها تاوانی خەتەنەکردن تاوانێکە کە رێگە بەفەرمانبەرانی قەزائی دەدات ئەنجامدەران و شەریکەکانیان دەستیگربکات و بیانداتە دادگا، ئێمە دەزانین یاسا تەنیا ناتوانێت بەقەڵەم نەریتێکی باوی کۆمەڵایەتی و قەسابخانەی خەتەنەکردن نەهێڵێت، ئەوە پێویستی بەبیرکردنەوەو یەکلاییکردنەوە هەیە بڕواهێنانە بەوەی کە ئەم نەریتە دڕندانەیە پەیوەندیی نە بەشەرەف و نە بەحەیاوە هەیەو دڵنیاکردنەوەی هەموو لایەك پێویستە کە ژن دووژمن نییە، بەڵکو شەریکی ژیان و هاوڕێی کاروانە.



# THE SINS OF BEING A WOMAN AND BODY TAYRANNIES

لەبڵاوکراوەکانی
یەکێتی ژنانی کوردستان